ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
شەممە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ ـ ٦ی فێوریەی ٢٠١٦
ژمارە: ٦٧٣
www.kurdistanukurd.com

## کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکرد

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بە کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان ناودێر کراوە، ئەمڕۆ شەممە، ١٧ ی ڕێبەندان دەستی بەکارەکانی کرد. لەم ژمارەیەی کوردستان‌دا وتاری کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی کە لە لایەن تێکۆشەری دێرین کاک فەتاحی کاویانەوە پێشکێش کرا و هەروەها ڕاپۆرتێ ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦، کۆنگرەی حەفتا ساڵ تێکۆشان دەخوێننەوە. لە ژمارەی داهاتووش‌دا بەشێکی بەر چاو لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٦ دەخەینە بەر دیدە و نەزەری خوێنەرانی خۆشەویستی ئەم ڕۆژنامەیە.

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

### حیزبی دێموکراتی کوردستان،
# حیزبی دوێنێ، حیزبی ئەمڕۆ و حیزبی سبەینێی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




## وتاری کردنەوەی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**میوانە بەڕێزەکان!**

**ئەندامانی بەڕێزی شازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

بە خێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سپاسی کۆمیتەی ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەیەو ڕێبەریی حیزب دەکەم کە منیان بۆ کردنەوەی ئەم کۆنگرەیە، دەستنیشان کردەوە.

ئەم کۆنگرەیە، کە ن٧اوی "کۆنگرەی٧٠ساڵ تێکۆشان"ی لە سەر دانراوە، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. چونکە لە دوای تێپەڕکردنی ٧دەیە خەباتی پڕ لە قوربانیدان پێک هاتوە. کۆنگرەی ١٦ لە سەریەتی لە بەر ڕووناکایی ئەزموونەکانی ٧٠ ساڵ خەبات، ئەم حیزبە بۆ دەیەیەکی نوێی تێکۆشان ئامادە بکا. هەر بۆیە پێویستە نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە، بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسایەتی، ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بایەخێکی تایبەتی بە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بدەن‌و بە پێشنیارو سەرنجو تێبینییەکانی خۆیان دەوڵەمەندی بکەن. چاوەڕوانیی من‌و هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات ئەوەیە، کۆنگرەی ١٦ بڕیارو ڕاسپاردەی گونجاو بۆ چالاک کردنەوەی پتری تێکۆشانی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەسند بکا. جێی خۆیەتی کۆنگرە، بۆ بوارەکانی دیکەی تێکۆشانی حیزبەکەمان بۆ وێنە بواری دیپلۆماسی‌و پێوەندیی نێودەوڵەتی، بواری ڕاگەیاندن، بواری تەشکیلاتی، بواری پەروەردە و فێرکردن و هتد،ڕێنوێن و ڕاسپاردەی بە سوود بدا بە ڕێبەریی داهاتوو.

**خوشک و برایانی ئامادەبوو لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە!**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**

**تێکۆشەرانی دیموکرات!**

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وبزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان، ساڵانێکی زۆرە بە دەست تەفرەقەو چەند پارچەیی‌و پەرش‌و بڵاویی هێزە سیاسییەکانەوە دەناڵێنن. خەڵکەکەمان لە حاڵێک دا هەروا لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن‌و بەردەوام لە گەڵ سەرکوت‌و هەڕەشە بەرەوڕوون، یەکگرتن‌و هاوخەباتییەکی جیددی لە نێوان هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی خۆیان دا نابینن. ئەم ڕاستییە تاڵە، ئەرک دەخاتە سەر بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم کۆنگرەیە و هەموو کۆبوونەوەیەکی سیاسیی گرنگی حیزبەکان، ئەو کاتە دەبنە مایەی خۆشحاڵیی خەڵک، کە هەڵگری پەیام و بانگەوازی تەبایی‌و یەکگرتوویی لە نیوان هیزە سیاسییەکان دا بن. هەر بۆیە داوا لە ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە دەکەم بە گیانی گرنگیدان بە یەکگرتوویی‌و هاوکاریی‌و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکان، بەشداری کارو ئەرکەکانی ئەم کۆنگرەیە بن. یەکگرتوویی هەر وا کە لە نێوان هیزە سیاسییەکان‌و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش پێویستە، لە نیو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا، چەند قات پێویستە. بە یەکگرتوویی ڕیزەکانمان‌و بە هاوکاریی دڵسۆزانە لە نێوان تێکۆشەران، ئەندامان‌و ڕیکخراوەکانی حیزب، لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات، دەتوانین ئەو ڕەسالەتە جێبەجێ بکەین کە مێژوو خستوویەتە سەر شانی حیزبی دیموکرات. داوام لە بەشدارانی کۆنگرە ئەوەیە بە باسەکانیان، بە پێشنیار و لێکدانەوە و ڕاسپاردەکانی خۆیان، هەر چی زیاتر بوار بۆ یەکڕیزی و کۆدەنگی و هاوکاری و هاودڵی لە نێو حیزبی دیموکرات دا بخوڵقێنن. تکاشتان لێ دەکەم کەسانێک بۆ ڕێبەریی داهاتووی حیزب هەڵ ببژێرن کە شیاو و لە ئاستی بەرپرسایەتیی وەئەستۆ گرتنی بەڕێوەبەریی حیزب لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستا دا بن.

بەڕێزان! من کە شانازیی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیەم پێ سپێردراوە، لەم ساتەدا ئەم کۆنگرەیە بە ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات ، بە تایبەتی بە یاد کردنەوە لە ٣ ڕێبەری شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، دەکەمەوە. بە بۆنەی دەستپێکردنی ئەم کۆنگرەیە، پیرۆزبایی لە ئێوەو لە سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە دۆست‌و دڵسۆزو هۆگری خەباتی پڕشانازیی حیزبی دیموکراتی کوردستانن. هیوام سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٦، کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشانە. ئاواتیشم ئەوەیە ٧٠ ساڵ خەباتی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بگاتە ئەنجامی دڵخواز و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگا.

سەرکەوێ کۆنگرەی شازدەیەمی حیزب

بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

**ئاواتەخوازی سەرکەوتن و سەربەرزیی ئێوە:**

**فەتاح کاویان**

**١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤**

**٦ی فێوریەی ٢٠١٦**


شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی!
٤


هەڵبژاردن و کۆتایی سیاسەتی چاوەروانی
٥


سەنگی کورد لە دانوستانەکانی چارەسەری قەیرانی سووریە
٥


ئێران و ئابووری ماددەهۆشبەرەکان
٦


ئێران گەورەترین قاچاغچیی ماددەی هۆشبەرە لە ئاستی جیهاندا
٩

# کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکرد

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بە کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان ناودێر کراوە، ئەمڕۆ شەممە، ١٧ ی ڕێبەندان دەستی بەکارەکانی کرد.

ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزب کە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی کۆنگرە، کەسایەتیی سیاسیو نوێنەری حیزبو لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتو خەباتی نەتەوەیی کورد دەستی پێکرد.

لە سەرەتای کاری کۆنگرەدا وتاری کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکێش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی١٦ دا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ ی حیزب دوا.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی بە سڵاو لە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕاتو لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد دەست پێکردو بە تیشکخستنە سەر چۆنیەتیی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتو پاشان کۆماری کوردستان چەند مانگ دوای دامەزرانی ئەو حیزبە، گوتی: حیزبی دێموکڕات لە نێوشارو لە نێو خەڵکداو بۆ ئیدارەکردنی وڵات دامەزراو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە قۆستنەوەی زۆر دەرفەت توانی بە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان، ئەو پڕۆژەیە بە لووتکەی خۆی بگەیەنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە بیرۆکەی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕات بۆ بەڕێوەبەریی وڵاتو بەدواداچوون بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕێگەی قانوونو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانەوە بوو، ئێستاش دوای ٧٠ ساڵ هەر لەسەر ئەو باوەڕە دەچێتە پێشێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە مێژووی کارنامەی حیزبی دێموکڕاتو کۆنگرەکانی حیزب لە ماوەی ٧٠ ساڵ تەمەنی خۆیدا کردو گوتی ئاواتەخوازبووین کۆنگرەی ١٦ی حیزبەکەمان لە یەکێک لە شارەکانی پارێزگای کرماشان، یان پارێزگاکانی ئیلام، سنەو ورمێ یان تەنانەت ئەگەر گونجابا لە تاران گرتبایە، بەڵام بە داخەوە ئەوەمان بۆ نەکراوەو حیزبی دێموکڕات سەرەڕای سیاسەتی دروست، مەنتیقیو ئوسولیی خۆی بەڵام دەرفەتی تێکۆشانی قانوونیی لە نێوخۆی وڵاتدا لێ زەوت کراوە؛ بۆیە بۆ جارێکی دیکەش ناچاربووین کۆنگرەکەمان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت ئەندامانو لایەنگرانی حیزب گوتی ئەگەر بەپێی هەلومەرجو دۆخەکە نەتانتوانیوە بەشداریی کۆنگرەی خۆتان بن، بەڵام نوێنەرانی ئێوە لە هەموو موئەسیساتو ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کۆنگرەدا تێدەکۆشن بە ئەمانەتەوە پەیامی ئێوە لە کۆنگرەدا بکەن بە باس؛ چونکی کۆنگرەی ئێمە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بۆ ئێوەیە لە نێوخۆی وڵاتو تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتیش هەر بۆ ئێوەیە.

کاک خالید عەزیزی پاشان ئاماژە بە کاتی بەسترانی کۆنگرەی ١٦ لە بارودۆخی شێواوو ئاڵۆزی ئەمنیەتی، ئابووریو شەڕی داعش لە ناوچەکەدا کردو بەهێنانە بەرباسی چۆنیەتیی پرسی کورد لە باشوور، باکوورو ڕۆژاوای کوردستان تیشکی خستە سەر ئەوەی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کورد تەنیا بە یەکگرتووییو یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی دەتوانێ پشکی کورد لە سەرکەوتنو پێشکەوتنەکان مسۆگەر بکرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاک خالید عەزیزی گوتی سەرەڕای سیاسەتی سەرکوتو زەبروزەنگی دوو نیزامی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی بەڵام خەڵکی کورد لەو بەشەی کوردستان کۆڵی نەداوەو ٧٠ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکڕات کارنامەیەکی ڕەنگینە لە هەوڵو هیممەتو تێکۆشانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێمەش وەک حیزبی دێموکڕات تا سەرکەوتن کۆڵ نادەینو هەموو شێوازەکانی خەبات دەگرینە بەرو سیاسەتمان ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە نیسبەت هیچ شتێکی کوردستان بێتەفاوت نەبن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا پێداگریی لەسەر پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، واتە ڕێفڕاندۆمی دیاریکردنی مافی چارەنووس کردەوەو باسی لە پاشخانی دەوڵەمەندی ئەو داوایە کرد.

کاک خالید عەزیزی گوتی پێشەوا قازی محەممەد هەموو هەوڵی ئەوە بوو کێشەی کورد لەگەڵ تاران لە ڕێگای سازانو وتووێژەوە چارەسەر بکا؛ بەڵام دەسەڵاتی پاشایەتی ئەو داوایەی نەبیست؛ دوای شۆڕشو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش هەموو هەوڵی حیزبی دێموکڕات ئەوە بوو لە ڕیگەی دانوستانەوە کێشەی کورد لەگەڵ تاران چارەسەر بکا، بەڵام شەڕیان بەسەردا سەپاندینو ناچار بە بەرگریی چەکدارییان کردین. ئێمە قەت بە دوای ئەوەدا نەگەڕاوین ئێران ببێتە سووریەو مرۆڤکوشتن، وێرانیو کوشتار چارەسەری کێشەکان بێ، بەڵام لە هەموو دەرفەتێکیش کە لە ناوچەکە بێتە پێشێ، ئێمە بە قازانجی دۆزی کورد کەلکی لێوەردەگرین. بۆیە جێگای خۆیەتی دوای ٧٠ ساڵ تێکۆشان، تاقیکردنەوەی زۆر شێوازو مێتۆد بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بە خەڵکی ئەو وڵاتەو کۆمەڵگای جیهانی بڵێین کە سەرەڕای تاقیکردنەوەی هەموو مێتۆدەکانی ئاشتیو دانوستان بەڵام بەشی ئێمە کوشتن، بڕین، بەندکردن، بە ئەمنیەتی کردنی کوردستانو سووکایەتیو پەراوێزخران لە دەسەڵات بووە، هەر بۆیەش باس لەوە دەکەین کە پرسی ڕێفڕاندۆم لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتە بەرباس.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی خۆی بە دەستنیشانکردنی ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگاو کۆڕو کۆمەڵە مەدەنییەکان لە کوردستانو حیزبە سیاسییەکان بۆ خاوەندارەتی لە پرسی کوردو گوتاری هاوبەش لە دۆخی قەیراناویی ئێستادا تەواو کرد.

دوای پێشکێشکردنی سروودێک لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە پەیامی ڕێکخراوی ئێنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست لەلایەن مەلوود سوارە؛ پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن سیامەک قەویپەنجە،؛ پەیامی مەکتەبی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن سۆیلا قادری؛ پەیامی دوکتور بێرنارد گرانژۆن، سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور لەلایەن گوڵاڵە شەرەفکەندیو؛ پەیامی حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی، سکرتێری بەرەی دێموکڕاتیکی ئێران کە لە تارانەوە ناردبووی، لەلایەن کاوە ئاهەنگەریو پەیامی ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن سەلاح خزری؛ خوێندرانەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبدا مامۆستا عاشق شێعرێکی خوێندەوەو ڕێورەسمەکە بە چەند برگەی هونەری بە دەنگی هونەرمەند حەمەدەمین کەریمی درێژەی پێدرا.

لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا ناوی ئەو حیزبو لایەنو کەسایەتییانە خوێندرایەوە کە پەیامیان بۆ کۆنگرەی ١٦ ی حیزب ناردوە، بەڵام لەبەر نەبوونی کات دەرفتی خوێندنەوەیان نەبوو و تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا.

















# پەیامی سەرەخۆشیی کاک خالید عەزیزی بۆ مام جەلال بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ جەنگی تاڵەبانی

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی شێخ جەنگی سەرەخۆشیی لە بەڕێزیان کردوە.

دەقی پەیامی کاک خالید عەزیزی:

برای گەورەو بەڕێزم، جەنابی مام جەلال؛ سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

لەگەڵ سڵاوێکی گەرم!

لە دەستچوونی برای گەورەمان کاک شێخ جەنگی خەسارێکی گەورە بۆ ئێوە و ئێمە و بنەماڵە بەڕێزەکەتان و شاری کۆیە بە گشتی بوو. وێڕای دەربڕینی داخو کەسەر لەو خەسارە گەورەیە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی لە ئێوەو لە ڕێگای ئێوەوە لە یەک یەکی ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەتان دەکەم.

بۆ ئێوە تەمەنی درێژ و لەش‌ساغی و بۆ خوالێخۆشبوو باوەشی لوتفو بەزەیی خوا بە ئاوات دەخوازم. ڕووحی شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێ‌و ئێوەش هەر ساغو سڵامەت بن.



به حورمەتی دووبارە
خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
٠٦/ ٠٢/ ٢٠١٦

# پەیامی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێز مەسعود بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک مەحموودی حەسەنزادەوە



برای بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان، کاک مەحموود- مان پێگەیشت. خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم و هیوادارم دوا ناخۆشیتان بێت.

لەخوای گەورە داواکارین گیانی کاک مەحموود بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبر و دڵنەواییش بە هەمولایەک ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

**مەسعوود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٦/١/٢٥**

# وڵامی بەڕێز عبداڵلا حەسەنزادە بە پرسەنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



**زۆر بەڕێز جەنابی کاک مەسعوود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

دەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاو، سڵامەتی و سەرکەوتنتان بۆ پێش‌خستنی دۆزی ڕەوای کورد تا گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکە بەئاوات دەخوازم.

**سەرۆکی هێژا!**

پرسەنامەکەتانم بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک مەحموودی برامەوە بەدەست گەیشت. ئەوە کە بەڕێزتان سەرباری ئەو هەموو سەرقاڵی و بەرپرسایەتی‌یە کە هەتانە بەسەرتان کردوومەوە مایەی سێبووری و ڕەوینەوەی غەمی لەدەستچوونی ئەو برایەمە کە ڕۆڵی گەورەی لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنمدا هەبوو. خوا بتان‌پارێزێ بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و هەر بژین.

**وێڕای حورمەتی دووبارە:**
**عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە**
**٢٠١٦/٠١/٢٩**

# پێداگریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر هێنانە بەرباسی پرسی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە میانەی بەشداری‌کردنی لە بەرنامەیەکی کاناڵی کوردستان ٢٤دا کە بۆ باس لەسەر یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان تەرخان کرابوو، پێداگریی لە سەر مافی داوای ڕاپرسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دیاری‌کردنی مافی چارەنووس کردەوە.

کاک خالید عەزیزی لەو وتووێژەدا بە ئاماژە بە بەستێنەکانی دامەزرانی کۆماری کوردستان گوتی: دامەزرانی یەکەم کۆماریی کوردی بەرهەمی کۆمەڵێک هاوکێشەی ناوچەیی‌و؛ لەلایەکی دیکە پێگەیشتنی عەقڵییەتی سیاسی کوردو لە هەمان کات‌دا بیرو هەستی کوردایەتی‌و ناسیۆنالیزمی کوردە کە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە کاری بۆ کرابوو تا حیزبی دێموکڕاتو دوای ئەوەش کۆماری کوردستان دامەزرێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێک‌دا کە لەبارەی هێنانەبەرباسی پرسی "مافی دیاری‌کردنی چارەنووس" لەلایەن کاک خالید لە وتاری ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا بەرەوڕووی کرا؛ گوتی: مافی دیاری‌کردنی چارەنووس‌و ئەو چوارچێوەیەی کە نەتەوەکان بۆ مافەکانیان بڕیاری بۆ دەدەن، مافی سروشتیی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە ئێرانە؛ بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەو داوایە بۆ واقعی سیاسیی دۆخی کورد لە ئێران دەگەڕێتەوە.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی خۆی‌دا هەم لە سەردەمی پاشایەتی‌و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی هەموو مێتۆدەکانی خەباتی لە خەباتی چەکداری‌یەوە تا وتووێژو دانوستان تاقی کردۆتەوە، گوت بەڵام بە تایبەت کۆماری ئیسلامی لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر وەڵامی داوای کورد لە ئێرانی نەداوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرین کوردستانی میلیتاریزەو ئەمنیەتی کردوەو سەرکوت، گرتن‌و ئێعدام تەنیا وەڵامی کۆماری ئیسلامی بۆ کورد بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی ئەو باسەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کاتی خۆیەتی لەو هەلومەرجەدا کە کورد لە ئێران هەموو شێوازەکانی خەبات بۆ مافەکانی تاقی کردۆتەوە، ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان، حیزب‌و ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان‌و نەتەوە یەکگرتووەکان کە شارەزای دۆزی کورد لە ئێرانن، پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێنێتە گۆڕێ.

کاک خالید عەزیزی گوتی: کورد حەقی خۆیەتی بڵێ لە کاتێک‌دا ئێران ئێمە لە پەراوێز دەخا، حاشامان لێ‌دەکا، لە ڕووی ئایینی دەمان چەوسێنێتەوەو لە ڕووی نەتەوەیی بە چاوی سووک سەیرمان دەکا؛ بەشدارمان ناکا لە دەسەڵات‌و نە بە وتووێژو نە بە شێوازەکانی دیکەی مەدەنی ئاوڕمان لێ ناداتەوە؛ ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی بڵێ داوای ڕاپرسی بۆ دیاری‌کردنی مافی چارەنووسی خۆی دەکاو ئەوەش دژایەتی لەگەڵ هیچ کام لە بەهاو بایەخە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا نییە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە پڕش‌و بڵاوی‌و لێک‌ترازانی حیزبە سیاسی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی ئەو دۆخە وای‌کردوە کورد لە ئێران گوتارێکی واحیدو هاوبەشی نەبێ‌و ئەوەی بە کەمایەسی‌یەکی گرینگ ناوبرد. بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی کە نزیک‌بوونەوەی حیزبەکان لەگەڵ یەکترو تێکەڵبوونەوەی ئەو هێزانەی لە یەکتر دابڕاون دەتوانێ قەرەبووی ئەو کەمایەسی‌یە بکاتەوە.

کاک خالید عەزیزی جارێکی دیکەش پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە یەکگرتوویی‌و یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی سیاسی حیزبی دێموکڕات‌و پێویستی‌یەکی حاشاهەڵنەگر بۆ سەرخستنی هەر بەرنامەو پڕۆژەیەکی حیزبەکان‌و قۆستنەوەی هەر پێشهاتێکی سیاسی لە کوردستان‌و ئێرانە.

باس لە قۆناغەکانی ژیانیی سیاسیی حیزبی دێموکڕات دوای کۆماری کوردستان، ڕۆڵی بارزانی‌یەکان لە بەڕێوەبردن‌و پاراستنی کۆماری کوردستان، پێوەندی‌یەکانی حیزبی دێموکڕات‌و حیزبی توده لە چەند بڕگەیەکی مێژوویی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکڕات، حیزبی دێموکڕات‌و میراتی جەوهەریی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات‌و گۆڕانکاری‌یەکانی ئێستای ناوچە، سروشتی کێشەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵگای جیهانی، پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، پرسی کورد لە نێو جەمسەربەندی‌و واقعە سیاسی‌یەکانی ناوچەو جیهان چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو وتووێژە بوون کە کاک خالید ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر باس کرد.

# کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب‌و برای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە سەردەشت

ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی ڕێبەندان، کاک مەحموود حسن‌زادە، برای کەسایەتیی سیاسیی‌و تێکۆشەری دێرین‌و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مامۆستا عبدالله حسن زادە پاش چەند مانگ نەخۆشی‌یەکی سەخت لە تەمەنی ٩٠ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

خوالێخۆشبوو کاک مەحموود لەگەڵ برای لەخۆی گەورەتری بەناوی سۆفی ڕەسووڵ لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون‌و لە قۆناغەکانی دواییش‌دا هەمیشە دۆست‌و پشتیوانی پێشمەرگە بوون. مام مەحمود کەسایەتی‌یەکی کۆمەڵایەتیی زۆر خۆشەویست‌و جێگای ڕێزی خەڵکی ناوچەی سەردەشت‌و ڕەبەت و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچەکانی مەهاباد‌و بۆکانیش بوو.

تەرمی خوالێخۆشبوو بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٤ی ڕێبەندان بە بەشداریی ئاپۆرایەکی زۆر لە خەڵکی سەردەشت‌و ڕەبەت‌و ناوچەکانی دەوروبەر بە خاک سپێردرا.

بەم بۆنەیەوە پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٥ ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەندامانی سەرۆکایەتیی حیزبە سیاسی‌یە کوردی‌یەکان، نوێنەرانی حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان، کەسایەتی‌یە



سیاسی، ئەدەبی‌و ڕووناکبیری‌یەکانی باشووری کوردستان ڕێوڕەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێوەچوو، بەشداربووان لە نیزیکەوە هاوخەمیی خۆیان بە نیسبەت کۆچی دوایی کاک مەحموود حەسەن‌زادە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە دەربڕی.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مام مەحموود حسن‌زادە پرسەو سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی سەرجەم خەڵکی ناوچەی سەردەست‌و ڕەبەت و کەسوکاری بەڕێزیان، بە تایبەت کەسایەتیی ناسراوی کورد مامۆستا عبدالله حسن‌زادە دەکاو خۆمان بە شەریک‌و بەشداری خەمیان دەزانین.

# کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکڕات لە ناوچەی مەهاباد

کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکراتنی کوردستان لە ناوچەی مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

بەپێی هەواڵی پەیامنێری کوردستان و کورد، ڕۆژی سێشەممە ٢٩ بەفرانبار، محەممەد ئاغای سۆهرابی ناسراو بە محەممەد ئاغای یاڵاوای سەری‌و، مامی شەهید حەسەن سۆهرابی بەهۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تاران ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان کرد.

خوالێخۆشبوو محەممەد ئاغا لە ساڵەکانی ٥٩ تا ٦٣ ی هەتاوی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی لە مەهاباد بوو و بەرپرسایەتیی حیزبی لەو ناوچەیەدا وەئەستۆ گرتبوو. ئەو لەو ماوەیەدا خزمەتێکی زۆری بە ڕێکخراوە حیزبی‌یەکان‌و هێزی پێشەواو کۆمیتە شارستانی مەهاباد کردو دوای وازهێنان لە کاری حیزبیش تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی کوردایەتی مایەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی محەممەدئاغای یاڵاوا پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکارو خەڵکی ئاوایی یاڵاوا دەکاو خۆی بە شەریک‌و بەشداری خەمیان دەزانێ.



کوردستان
ژمارە: ٦٧٣ • ڕۆژنامەی

سیاسی

# شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی!



ڕەزا محەممەدئەمینی

مێژووی دووسەدساڵەی نەتەوەی کورد پڕە لە لاپەڕەی زێڕینی شۆڕش و فیداکاری و بەرخۆدان لەپێناوی وڵاتپارێزی و کوردایەتی و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی‌یەکان و ئەگەری دامەزراندنی کوردستانێکی یەکپارچە و سەربەست و سەربەخۆدا. بەڵام سەرەڕای ئەو شۆڕشە خوێناوی‌یانە، نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان، نەک هەر بەوئامانجە ڕەوایە نەگەیشتوون، بەڵکوو لەپاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەداخەوە خەڵکەکە و خاکەکە، بەدەستی زلهێزەکان و داگیرکەران دابەش کرا و دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ هەتا ئەمرۆکە هەر وەک خەون ماوەتەوە.

سەرەڕای سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و سەرکوت و کوشتار و حاشاکردن لە بوونی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوکانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا لەلایەن داگیرکەرانەوە، لەو ماوەیەدا نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی لەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و بەپێی توانای خۆی بەرێوە بردوە و توانیویەتی دەسکەوتی زۆر بەنرخیش دەستەبەر بکا. لە باشووری کوردستان ئەوە بۆ چارەگە سەدەیەک دەچێ کوردەکان دەسەڵاتی خۆجێیی خۆیان هەیە و سەرەڕای کێشە و گرفتە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان و شەڕی داسەپاوی داعش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو بەشە لەکوردستان لە داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ.

لە باکووری کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەرئێستاش شەڕێکی نەخوازراو لە نێوان pkk و هێزەکانی تورکیەدا بەردەوامە، سیاسەتی ٨٠ساڵەی شۆوێنیزمی تورک و نکوولی لە بوونی کورد شکستی هێناوە و حیزب و لایەنە کوردی‌یەکان گرانایی سیاسیی خۆیان هەیە و توانیویانە وەک کورد لە مەیدانی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵیان هەبێ. لە خۆرئاوای کوردستان، کوردەکان لەو هەلەی لەپاش سەرهەڵدانی بەناو بەهاری عەرەبی و نارەزایەتی‌یەکان لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لەو وڵاتە هاتە ئاراوە، کەڵکیان وەرگرت و ئەوەی بەدەگمەنیش لەو بەشە پەراوێزخراوەی کوردستان چاوەڕوان نەدەکرا (ئازادی و گەیشتنی کورد بە لانی‌کەمی مافەکانی) بە فیداکاری و ئازایەتی و بەرخۆدانی کەموێنەی شەڕوان و پێشمەرگە لە بەرانبەر داعش‌دا، بەرەو وەدیهاتن دەڕوا و کوردەکان لە بەکردەوەکرانی هەر سێناریۆیەک لەو وڵاتەدا حیسابیان بۆ دەکرێ و هەرنەبێ، بەلانی‌کەمی مافەکانیان دەگەن و سەرەڕای ژان و ئازاری شەڕو ماڵکاولکران و برسییەتی، داهاتوویان لەڕووی سیاسی‌یەوە ڕوون و گەشاوە دیارە.

لە خۆرهەڵاتی کوردستان و لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی قەجەرەکان و هاتنەسەرکاری پەهلەوی‌یەکان و دامەزراندنی دەوڵەت و حکوومەت، لە شێوەی مۆدێرن و یەکانگیر(متمرکز) هەتا ئێستا، سەرەڕای شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد وەک شۆرشی سمکۆی شکاک و هەروەها دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٧٠ساڵ لەمەوبەر و خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦ و خەبات و خۆڕاگریی خەڵک و پێشمەرگە لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و تۆمارکردنی هەزاران لاپەڕەی زێڕین لە ئازایەتی و بەرخۆدان، زۆربەداخەوە کورد لەو بەشە لە کوردستان نەی‌توانیوە تەنانەت لانی‌کەمی ماف و داوخوازی‌یەکانی خۆی دەستەبەر بکا. هەرچەشنە داوایەکی کورد نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران، بەتایبەت ئازەری و کوردەکان وەک دوو پێکهاتەی مەزن، لە هیچ کردەوەیەکی سەرکوتکەرانە درێغی نەکرد. دیارە لەو سۆنگەیەوە زۆر سەرکەوتوو بوو و توانی وێڕای سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و جووڵانەوە مافخوازە نەتەوەیی‌یەکان، بەرەبەرە هەستی نەتەوەییشیان لەنێودا کەم تا زۆر لاواز بکا و بەرەو نەمان ببا و تەنانەت تۆوی خۆبەکەم‌زانین و خۆدزینەوە لە شوناسی نەتەوەییش لەنێو هێندێک لە پێکهاتەکان‌دا بچێنێ. جار دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆیان لەگەل سەربەخۆیی برا کوردەکانمان لەبەشەکانی دیکەی کوردستان ڕاگەیاندوە کە دواترینیان قسەکانی عەلی ئەکبەری ویلایەتی ڕاوێژکاری سیاسیی خامەنەیی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمە کە دژایەتیی خۆی بۆ ئەگەری سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەربڕیوە. بەوحاڵەش نەک لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لەدەرەوەی بازنە و سنوورە دەسکردەکانی ئێران، بەڵکوو لە شوناسی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەکانی دیکەش‌دا ڕەنگی داوەتەوە و هەستی خۆبەکەم‌زانین و خۆدزینەوە لە شوناسی نەتەوەیی جێ‌پێی لێژ بووە و ڕەوتی هوشیاری نەتەوەیی لە گەشەسەندن‌دایە. هەربۆیەش دەبینین لەنێو پێکهاتەکانی دیکەی ئێران‌دا جووڵانەوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی لەسەر بەستێنی شوناسی نەتەوەیی دەستی پێ‌کردوە و ویست و داواکاری‌یە سەرەتایی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان، وەک خوێندن بە زمانی زگماکی و دامەزراندنی



سەرەڕای سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و سەرکوت و کوشتار و حاشاکردن لە بوونی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوکانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا لەلایەن داگیرکەرانەوە، لەو ماوەیەدا نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی لەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و بەپێی توانای خۆی بەرێوە بردوە و توانیویەتی دەسکەوتی زۆر بەنرخیش دەستەبەر بکا

لەلایەن ناوەندەوە بە ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕ و زیندان و ئەشکەنجە و تیرۆری ڕێبەران و خەباتگێڕانی نەتەوەکەمان وەڵام دراوەتەوە و لەو ماوەیەدا هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی ناوەند، بە هەردووک نیزامی پاشایەتی و ئیسلامی، هیچ چەشنە نەرمی‌یەکیان لەئاست ویست و داوا ڕەواکانی کورد نەنواندوە.

حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی هەر لە سەرەتاوە بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازە سەربازی و ئیداری و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیەنەگشتی‌یەکان، بەهەموو بەشەکانیانەوە، تێکۆشاوە لەسەر بناغەی تیئۆریی دەوڵەت ـ نەتەوە، ناسیۆنالیزمی فارس، لە ڕواڵەت و چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەناو ئێرانی، بوونی هەموو پێکهاتەکان وەک نەتەوەیەکی یەکدەست (نەتەوەی ئێران) بەسەر هەموو نەتەوەکان‌دا بسەپێنێ. هەربۆیەش بۆ لاوازکردن و لەنێوبردنی هەست و شعوور و شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی

دیارە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامییش لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە لەسەر پەراوێزخستنی کێشەی نەتەوەکان و حاشاکردن لە شوناسی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران و دژایەتی لەگەڵ هەرچەشنە ویست و مافێکی نەتەوەیی‌دا نەک هەر لە ڕێژیمی پێشوو مکوڕترە، بەڵکوو هەرلەجێ‌دا باوەڕی بە چەمکی نەتەوە، ئەویش لەپێوەندی لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکان‌دا نیە و ئەوە چەمکی «ئوممەتی ئیسلامی‌یە» (ئیسلامی شیعە)یە کە بەپێی ئیدە و بۆچوونەکانی ئەو ڕێژیمە گرینگیی هەیە و ئەگەر باس لە نەتەوەش دەکرێ، لەڕوانگەی ڕێژیمەوە مەبەست «نەتەوەی موسڵمانی ئێران»ە و هیچ پێکهاتە و نەتەوەیەکی دیکە بۆی نیە باس لە بوونی خۆی بکا.

ئەو ڕێژیمە هەربەوەشەوە نەوەستاوە و دژایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە دەرەوەی خۆرهەڵاتی کوردستانیش دەکا. بۆ وێنە بەدەیان نێوخۆی ئەو وڵاتەش ڕاستی‌یەکە شتێکی دیکەیە و کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەک پێشوو بەناوی دین و مەزهەب و لەژێر چەتری «ئوممەتی ئیسلامی»دا حاشا لە بوونی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێران و ویست و داوخوازە ڕەواکانیان بکا. ڕاستە کۆماری ئیسلامی لەسەرەتای هاتنەسەرکاری و لە جەنگەی شەڕ و هێرش بۆسەر کوردستان توانی لە هەستی مەزهەبیی شوێنکەوتوانی مەزهەبی شیعە بە دژی کورد کەڵک وەرگرێ و تەنانەت برا کوردە شیعەکانیشمان بە دژی جووڵانەوەی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد هان بدا، بەڵام هەر وەک دەبینین و هەست پێ‌دەکرێ هوشیاریی نەتەوەیی و گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی هەموو کوردستانی بە هەموو بیرو باوەڕە ئایینی‌یەکانەوە تەنیوەتەوە و کوردبوون و هەبوونی شوناسی نەتەوەیی خەریکە ببێتە پرەنسیپێکی جێگرتوو لە ناخی هەموو تاکێکی کورد و نەتەوەکەمان‌دا.

دیارە گەڕانەوە بۆ چەمکی ڕێکخراوە ئەدەبی و کەلتووری‌یەکان لە زیادبوون‌دایە. ئەوە نیشان دەدا کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە لە ماوەی تەمەنی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لەئێران‌دا بە هەموو ئامرازەکان و بە هەموو شێوەکانی سەرکوتی نەتەوەکان کاری بۆ دەکرێ، لەبەرانبەر ناسیۆنالیزمی نەتەوە ژێردەستەکان‌دا لە پاشەکشەدایە و چی‌دی ناکرێ ویست و داخوازەکانی ئەو نەتەوانە پشت گوێ بخرێ.

ئەو دیاردەیە لەلایەک جێی خۆشحاڵی‌یە و دەبێ پێشوازیی لێ‌بکرێ، بەتایبەت کە بە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە بەشەکانی دیکەی ئێران‌دا نەتەوەی کورد وەک تەنیا نەتەوە و ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار لە بەرانبەر دەسەڵات و ناسیۆنالیزمی زاڵ بەسەر ئێران‌دا نامێنێتەوە و لەلایەن نەتەوەکانی دیکەشەوە پاڵپشتیی لێ‌دەکرێ و لەلایەکی دیکەش هەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردی‌یەکان و هەم چین و توێژە ڕووناکبیرەکانی ئەو نەتەوانە دەبێ زۆر بە هەستیاری‌یەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. چونکە هەرچەشنە هەستێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی ئەگەر تێکەڵ بە دەمارگرژی و زێدەخوازی بکرێ و بە حاشاکردن لە ماف و بوونی نەتەوەیەکی ژێردەستی دیکە تەشەنە بکا، ئەوە کارەساتی قەرەبوونەکراوی لێ دەکەوێتەوە. بەتایبەت کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە کۆمەڵگەیەکی دێمۆکرات و ئازاد نەبووە و دەسەڵاتدارانی ناوەند لە ئێران‌دا هەمیشە تێ‌کۆشاون تۆوی ڕق و کینە لەنێو نەتەوەکان‌دا بچێنن و لە کێشەی نەتەوەکان بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن و ڕێرەوی ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان لەدژی یەکتر بەکار بێنن.

ڕەوتی ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زۆر بەخێرایی بەرەو پێش دەڕوا و خەریکە نەخشەی سیاسیی ئەو ناوچەیە پاش سەد ساڵ لە واژۆکرانی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ سەرلەنوێ دارێژرێتەوە. گومان لەوەدانیە کە ئێرانیش کاریگەریی ئەو ڕووداوانەی پێوە دیار دەبێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و بەپێی هەموو برگەکانی بەیاننامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نەتەوەکانی ئەو وڵاتە وەک هەموو نەتەوە ژێردەست و بێ‌دەوڵەتەکان، مافی بێ‌ئەم‌لاو ئەولای خۆیانە لە ڕاپرسی‌یەکی ئازادانەدا بڕیار لە چارەنوسی خۆیان بدەن و شێوە و داهاتووی ژیانی سیاسیی خۆیان بۆخۆیان‌هەڵبژێرن. هەربۆیەش داهاتووی ئێران وەک وڵاتێکی «مورەککەب» بە یەکگرتوویی نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە هەموو نەتەوەکان مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ، تەنانەت ئەگەر دەنگ بە سەربەخۆییش بدەن. ئەزموونی وڵاتانی وەک یۆگۆسلاویی پێشوو، کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتە شەر لێدراوەکانی وەک سووریە و عێراق و سوودان نیشانی داوە بەزۆر پێکەوەلکاندنی چەند نەتەوە و ئایینی جیاواز، جگە لە شەڕ و کوشتاری بەکۆمەڵ و ئاوارەبوون و ماڵوێرانی چ ئاکامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

بەو حاڵەش بۆ پێشگیری لە ئەگەری ڕوودانی هەرچەشنە شەڕ و کارەساتێکی مرۆیی، دەکرێ بە دامەزراندنی نیزامێکی ئازاد و دێمۆکراتیک و بەدوور لە سەپاندنی ئیرادەی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، نەتەوەکان بەپێی یاسا وەک یەک و بە مافی وەک یەک و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازی‌یەکی ڕەگەزی و نەتەوەیی لەگەڵ یەک و لەچوارچێوەی وڵاتێکدا بژین. ئەوەش بۆ وڵاتانی وەک ئێران کە نەتەوەکان لە زۆر شوێن و ناوچەدا وەها تێک تەنراون و لکێندراون کە لێکجیاکردنەوەیان ڕەنگە زۆر ئاستەم و بەژان بێ نموونەیەکی باشە. بەڵام بەر لەهەموو شتێک، هەرچەشنە ئازادی و مافێکی نەتەوەکان، بەستراوەتەوە بە تێکۆشانی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی بۆ ڕاماڵینی دیکتاتۆریی سەرەڕۆیانە و داپڵۆسێنەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەتا ئەو ڕێژیمە لەئێران‌دا حاکم بێ لەلایەک ئازادی و دێمۆکراسی و ئاشتی و ئارامی پێک نایە و لەلایەکی دیکەش ئەگەری دابین‌بوونی مافی نەتەوەکان بە نەتەوەی کوردیشەوە نامومکینە.

ژمارە: ٦٧٣ ● ڕۆژنامەی کوردستان

سیاسی

# هەڵبژاردن و کۆتایی سیاسەتی چاوەڕوانی



**ڕێبوار مەعرووفزادە**

هەڵبژاردنی پارلمانی و خوبرەگانی ئێران کەمتر لە مانگێکی ماوە و فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمجارە بەپێچەوانەی ڕابردوو نەک بەسەر سیاسەتی بایکۆت و دەنگدان، بەڵکوو بەسەر سیاسەتی چالاکبوون و بایکۆت کردندا دابەش بووە. سیاسەتی بایکۆتکردن، کارێکی ئاسانە چونکە دەکرێ چەند خاڵی نادێموکراتیک لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ریز بکرێ و دواتر هەر چەشنە هەڵبژاردنێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا بە شانۆ و بێ سوود لەقەڵەم بدرێ. واتە حیزبێک دەکرێ پێش لەوەی شووڕای نیگابان کاندیدەکان ڕەت بکاتەوە و لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی پارلمان دیار بێ، قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە پێش چاوی خۆی دابنێ و بایکۆتی هەڵبژاردن بکا. بەڵام کەڵکوەرگرتن لە فەزای هەڵبژاردن بۆ چالاکترکردنی کوردستان، کارێکی دژوارە و پێویستیی بە بەدواداچوونی بەردەوام و ورد لە هەر حەوزەیەکی هەڵبژاردندا هەیە. لەگەڵ هەموو ئەو ڕەتکردنەوە بەربڵاوەی کە شووڕای نیگابان کردوویەتی، بە شێوەی نێونجی بۆ هەر کورسییەکی پارلمانی ئێران، ١٥ کاندید هەیە. بۆ نموونە لە کرماشان ١٥ کەس کاندید و لە مەهاباد ١٦ کاندید هەن. هەبوونی زانیاری لەسەر هەر یەک لەو کاندیدایانە و دانی بەرچاوڕوونی بە دەنگدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک کارێکی دژوارە بەڵام لە لایەکی دیکە دروستترین کارە. حیزبێکی بەرپرسیار لەبەرامبەر خەڵکدا، ئەرکی ئەوەیە کە هەر هەوڵێک بدا بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە خەڵک بکا. کاندیدەکانی هەر حەوزەیەک توانایی و دنیابینیی جیاوازیان هەیە و ئەرکی حیزبێک ئەوەیە بە زانیاری و بەڵگە، ڕوشنگەری لەسەر هەر یەک لەو کاندیدایانە بدا.

ڕەخنەیەکی دیکە کە لەو کەسانە دەگیرێ کە باس لە چالاکبوون لە فەزای هەڵبژاردندا دەکەن ئەوەیە کە دەیانەوێ ڕۆژهەڵات بکەن بە باکوور یان سیاسەتی بەباکوورکردنی ڕۆژهەڵات ڕەچاو دەکەن. ئەگەر مەبەست لە «بە باکوورکردنی ڕۆژهەڵات» ئەوەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شەقام ئامادە بێ و خەباتی جەماوەری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتینتر بێ، ئەوە شتێکی باش و دروستە. فێربوون لە ئەزموونی خەباتی نەتەوە و گرووپی دیکە نە شەرمە و نە تاوان. بەڵکوو کارێکی پێویستە. هەروەها کورد زۆربەی چەمک و پێناسە سیاسییەکانی وەک حیزب، دێموکراسی و سۆسیالیزم لە نەتەوەکانی دیکە وەرگرتوون. کەوایە فێربوون لە خەباتی نەتەوە و گرووپی دیکە پێویستە وەک کارێکی ئاسایی و تەنانەت وەک بەشێک لە بەرۆژکردنەوەی سیاسی لەقەڵەم بدرێ. دیارە هەوڵدان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەڵبژارن بۆ چالاکترکردنی فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو پارچەیە بێ. ئەگەر لە کوردستانی باکوور، کوردەکان پاش ساڵانێک خەباتی جەماوەری و پارلمانی توانیان بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنن، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بە ڕەتکردنەوەی بەشێک لە چالاکانی ناسروا، بە پشوودرێژی، بەرنامە و بوێریی سیاسی، دەنگی مافخوازیی کورد لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات و پارلمانی ئێران بەرز بکرێتەوە. لە چالاکترکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی جۆراوجۆر وەک هەڵبژاردن نابێ ڕاوەستین بەڵام هاوکات دەبێ تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لەبەرچاو بگرین.

بەشێک لە لایەنگرانی بایکۆتی هەڵبژاردن باس لە ئیعدامەکان دەکەن و دەڵێن خەڵکی کوردستان نابێ لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمێک کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێ، بەشداری هەڵبژاردن بن. پشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکوومە بەڵام ئاخۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستانی باشتر کردوە؟ ئاخۆ بە سیاسەتی بایکۆتو دوورەپەرێزی ڕەوشی مافی مرۆڤ و ژیانی خەڵک لە ئێران باشتر دەبێ؟ ساڵانێک سیاسەتی بایکۆتکردنی ڕێژیم هیچ قازانجێکی بە باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ نەگەیاندوە و دەنگدەر دەبێ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانان وەک بەشێک لە ئەرکی نوێنەرانی پارلمان چاو لێ بکا. کەمپەینێک بە هەولی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی لە سنە و بە ناوی کەمپەینی داخوازەکانی کوردستان دەستی پێکردوە و کۆمەڵێک داخوازیی ڕووبەڕووی پارلمانتارانی کورد کردۆتەوە. ئەو کەمپەینە پێویستە ڕەهەندی مەیدانیی بەرفراوانتر بەخۆیەوە بگرێ و لە هەر حەوزەیەک کۆمەڵێک داخوازی دیاریکراو ڕووبەڕووی کاندیدەکان بکرێتەوە و ئەرکدار بکرێن. بەرنامەی هەر کاندیدایەک دەبێ دیار بێ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و خەڵک بەردەوام لێپرسینەوە لە پارلمانتارانی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان دەرهەق بە خەڵک بەڕێوە بەرن.

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە زۆرتر باسی گەورەی سیاسی وەک پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا و باسی ڕیفورمخوازی و ئوسوولگەرایی دێتە ئاراوە،هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران تایبەتمەندیی لۆکاڵیی هەیە و تایبەتمەندیی تاکەکەسیی هەر کاندیدێک ڕۆڵی گرینگ دەبینێ. واتە دەکرێ کاندیدێک لە شارێک دەنگ بێنێتەوە بە بێ ئەوەی سەر بە ڕەوتێکی سیاسیی تایبەت بێ و خەڵک تەنیا بە تایبەتمەندیی شەخسی و بەرنامەکانی ئەو دەنگ بدەن. لە شارەکانی کوردستان و بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی، خەڵک کەمتر بە پێی ڕەوتێکی سیاسی-فیکری وەک بەرەی یەکگرتووی کورد یان ڕیفورمخوازی دەنگ دەدەن و ئەوەش هۆکارەکەی بۆ لاوازبوونی کاری سیاسی لە ئێران دەگەڕێتەوە. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا، حیزبێکی بەپرسیار پێویستە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی بەشێک لە کاندیداکان پووچەڵ بکاتەوە و ڕاگەیاندنەکەی لەسەر کاندیداکانی هەر حەوزەیەک ببێتە سەرچاوەی زانیاریبەخشین بە خەڵک.

تێبینی: زانیارییەکانی تایبەت بە حەوزەی بۆکان و کرماشان لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگیراون.



سیاسی

# سەنگی کورد لە دانوستانەکانی چارەسەری قەیرانی سووریە



**ڕەحمان پیرۆتی**

بۆ جاری سێیەم دانوستانەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریە لە ژنێڤ بە نێوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکردووەتەوە. ئەو گەڕەی وتووێژەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆبوونەوەکانی پێشوو، جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. لەلایەک ڕێژیمی بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانی بە قۆناغێک گەیشتوون کە سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو کارتەکانیان، ناتوانن سووریە بگەڕێننەوە پێش قۆناغی دەستپێکردنی شەڕ و ئاڵۆزییەکان و بەتایبەت بەهۆی کێشە ئابوورییەکانیان، باری ئەو شەڕە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەریان قورستر دەبێ.

هەروەها زلهێزە جیهانییەکان و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی نێو بەرەی دژی ڕێژیمی ئەسەدیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دۆخی سووریە هەروا ئاڵۆزتر دەبێ، توندوتیژییەکان زیاتر دەبن و وڵاتانی دیکەش دەگرنەوە. بۆیە هەر دوو لایەن ناچار بوونە پێکەوە دەست بە دانوستان بکەن بۆ ئەوەی کێشەکە لەسەر مێزی دانوستان و قۆناغ بە قۆناغ چارەسەر بکرێ. ئەوەش ڕوونە کە نە حکوومەت و نە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە کردەوە جڵەوی بڕیاریان بەدەست خۆیان نیە و لە ڕاستیدا ئەوە دوو بەرەی سەرەکیی وڵاتانی دژ و لایەنگری دەسەڵاتداریی بەشار ئەسەدن کە لەژێر ناوی حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن خەریکن قسە لەسەر داهاتووی سووریە دەکەن.

بەپێی ئەو ماوەیەش کە بۆی دیاری کراوە، بڕیارە ئەو خولەی دانوستانەکانی ژنێڤ شەش مانگ درێژە بکێشێ و ئەگەر پڕۆسەکە بەپێی بەرنامە بچێتە پێش، بڕیارە لەو خولەدا قۆناغی سەرەتایی چارەسەری قەیرانی سووریە بە ڕاگرتنی شەڕ و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان دەست پێبکا. دواتریش بڕیار لەسەر چۆنیەتیی گواستنەوەی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبەری داهاتووی ئەو وڵاتە بدرێ و لایەنەکان لەسەری ڕێک کەون.

ئەوەی جێی تێڕامانە، چۆنیەتیی بەشداریکردن و سەنگی کوردە لە دەوری سێیەمی دانوستانەکانی ژنێڤدا. کورد لەو کۆبوونەوەیەدا، قورساییەکی ئەوتۆی نیە و تەنانەت پرسی کورد و شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش لە ڕیزی بابەتە سەرەکییەکانی باسەکانی ژنێڤدا نین. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ نایەکریزی و یەکگرتوونەبوونی هێز و لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەو بەشە لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ڕیزی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەدان بە پێگەیەکی لاواز لە چوارچێوەی وەفدی دانوستانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەشدارن. بەرنامەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنیش گۆڕینی دەسەڵاتی ئەسەد و دیموکراتیزەکردنی سووریەیە، بێ ئەوەی بەرنامەیەکی ڕوون و نووسراوی لەسەر چۆنیەتیی دابینکردنی مافی پێکهاتەکان و بەتایبەت کورد هەبێ.

هەروەها لەسەر پێداگریی تورکیە، ڕێگە لە بەشداربوونی پارتی یەکێتیی دێموکراتیک گیراوە کە بە کردەوە دەسەڵاتی ئیداری و سەربازیی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی لەدەستدایە. حیزبی داد و گەشەپێدان دوای ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پارلمانی تورکیەدا ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگەکانی لەدەست دا، ڕووی لە پڕۆسەی چارەسەری پرسی کورد وەرگێڕا و بەرەو سیاسەتەکانی ڕابردووی بای دایەوە. حکوومەتی تورکیا جگە لە میلیتاریزەکردنەوەی ناوچەکانی باکووری کوردستان، هەوڵ دەدا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەش پێگە و ئیعتیباری پارتی کرێکارانی کوردستان و هێز و لایەنەکانی نزیک لەو حیزبە بەتایبەت لە ڕۆژئاوای کوردستان لاواز بکا و پەراوێزیان بخا، بۆیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی بەشداربوونی پەیەدە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا دەکا. هۆکارێکی دیکەی پێداگریی تورکیە لەسەر بەشدارنەکردنی پەیەدە لەو کۆبوونەوانەدا ئەوەیە کە دەیەوێ ئەو هێز و لایەنانە لە ڕیزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا جێ بگرن و لە داهاتووی سووریەدا ڕۆڵیان هەبێ کە لە تورکیە و هاوپەیمانەکانی نزیکن. تا ئێستاش لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە سیاسەت و شێوازی هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ یەکتردا بچنەوە ، ئەو سەرکەوتنەی حکوومەتی تورکیە زۆر بەردرێژ نابێ.



پەیەدە کە ئێستا بەهۆی ڕۆڵی کاریگەری لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیدا ئیعتیبارێکی گرینگی هەیە، دەتوانێ بە دیاریکردنی یەکجاریی سنووره سیاسی، سەربازی و ئەمنیەتییەکانی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد و هەروەها کۆتاییهێنان بە ڕێگریکردن لە چالاکیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، دەرگا بە ڕووی یەکڕیزیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بکاتەوە. پەیەدە هەروەها دەبێ حەساسیەتەکان لەسەر پەکەکە لەبەر چاو بگرێ و ئەگەر بە ڕاستی دەیەوێ بە هێزێکی جیا لەو حیزبە ئەژمار بکرێ،دەبێ هێڵەکانی نێوانیان دیاری بکا و خۆی وەک هێزێکی ڕۆژئاوای کوردستاندەربخا.

هێز و لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەش لەجیاتی پشتبەستن بە ئەندامەتی لە وەفدی ئۆپۆزسیۆنی سووریە، پێویستە هەوڵی ڕەواندنەوەی ناکۆکییەکان و نزیکبوونەوە و پێکهێنانی هاوپەیمانەتی لەگەڵ پەیەدە و هێزەکانی دیکە بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش لایەنە بڕیاربەدەستەکانی هەرێمی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و بە کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانیان هەوڵی یەکڕیزکردنی کورد لە ڕۆژئاواش بدەن. ئەگەر ئەوە سەربگرێ دەرفەتێک بۆ کوردانی ڕۆژئاوا دەڕەخسێ، لە ماوەی شەش مانگەی دانوستانەکانی سێیەمی ژنێڤدا هێڵی کورد جیا بکەنەوە و بە بەرنامەی تایبەت لەگەڵ لایەنەکانی دیکە قسە لەسەر داهاتووی ڕۆژئاوا و شێوازی بەڕێوەبردنی بکەن. چونکە هیچکام لە دوو بەرەی سەرەکیی نێو قەیرانی سووریە بەرنامە و پلانێکی ڕوونیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان نیە و ئەگەر هێزەکانی ڕۆژئاواش ناکۆکیی نێوانیان بەردەوام بێ، نە لایەنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە ڕیزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانن دەستکەوتێکی نەتەوەیی بەرچاویان هەبێ و نە پەیەدە و پشتیوانەکانیشی دەتوانن لە گۆڕکاندا بەو جۆرە بمێننەوە و تاک لایەنە ئەو ناوچانە بەڕێوە ببەن.

# ئێران و ئابووری ماددەهۆشبەرەکان

سیاسی

**ڕزگار – م**

لە جیهاندا بازرگانی ماددەی هۆشبەر بە گەڕانی ماڵی ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ملیارد دۆلار پاش بازرگانی نەوت و چەک پلەیەکی بەرزی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. بازرگانییەکی نێودەوڵەتییە هاوتای بازرگانی نەوت و چەک. بەپێی ئامارێکی «کۆنفرانسی جینایەتی ڕێکخراوەیی» بازرگانی جیهانی ماددەهۆشبەرەکان سوودێکی پتر لە داهاتی نەوتی هەیە.

شۆردنەوەی پارە یان «پول شویی» Money laundering، پارەیەکە لە ڕێی داهاتێکی نایاساییەوە بەدەست دێت وەکو قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان، قاچاقی مرۆڤ، کڕین و فرۆشتنی ژن و منداڵ، قاچاقی چەک، دزی، تیرۆر و هتد. شۆردنەوەی پارە بریتییە لە هەرجۆرە کارێک بۆ شاردنەوە یان گۆڕینی نێوەڕۆکی نایاسایی ئەو داهاتەی پێدەچێت سەرچاوەکەی یاسایی نەبێت. ئەم پرۆسەیە کە زیانگەلێکی بۆ ئابووری وڵات هەیە باجیش نادات و قاچاقچیانی ماددەهۆشبەرەکان بۆ شاردنەوەی سوودەکەیان و هەروەها سەروەت و سامانیان کەڵکی لێوەر دەگرن. بۆ یەکەمین جار کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا ڕیساگەلێکی دیاری کرد بۆ «سزای شۆردنەوەی پارە لە ئاستێکی نێودەوڵەتی» کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم بارەیەوە هاوکاریگەلێکی نواند. گرنگترین بەڵگەکانی یاسایی لەبارەی شۆردنەوەی پارە، پەیمانی ڤیەننا لە ساڵی ١٨٨٤ و کۆنفرانسی پالارمۆ لە ساڵی ٢٠٠٠ە کە دواتریش ڕێکخراوگەلی هاوکاری ئابووری یەکیەتیی ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سندووقی دراوی نێودەوڵەتیش هاتنە ئەو گۆڕەپانەوە. شۆردنەوەی پارە متمانە و هەروەها سەقامگیری بازاڕ لە نێو دەبات، بەجۆرێک کە سیستەمەکانی بانکی لە ئاکامی تاوانگەلی پلان بۆداڕێژراو قورسایی و متمانەی خۆی لەدەست دەدات و هەموو سیستەمەکانی ماڵی جیهانی تووشی زیانی جددی دەکات و تەنانەت وڵاتانی بچووکیش لەو زیانە بێبەش نین.

ئابووری ماددەهۆشبەرەکان لە جیهاندا هێندە قازانجی بۆ دەوڵەتەکان و گرووپەکانی تێوەگلاو هەیە کە کەمتر دەوڵەت و سیستمێکی دەزگەی هەواڵگری و گرووپێک هەیە توانیبێتی خۆی لێ پاراستبێت. لەم بارەوە بە گەڕانێکی نێو سەرچاوەی داهاتی هەندێ دەزگەی هەواڵگری وەکو ئیتلاعاتی ئێران و هەروەها گرووپگەلێکی وەکو حزبوڵڵای لوبنان دەبینین کە بەشێکی زۆری سەروەت و سامانیان بۆ پێشخستنی کاروباریان لە ڕێگەی قاچاقچێتی بە ماددەی هۆشبەرەوەیە. لەبیرمانە کە ئەکبەر گەنجی لە کتێبی «عالیجناب سرخ پوش» باسی هێڵی ترانزیتی ماددەی هۆشبەری وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانی دەکرد و هەروەها لەم دواییانەش بەپێی هەواڵێکی ئەلعەرەبییە لە ٢٥ی جێنڤێری ٢٠١٦، بەرپرسانی ئەمەریکی و هەروەها کۆنگرەی ئەمریکا باسیان لەوە کرد کە یەک سووەمی سامانی ڕێکخراوی حزبوڵڵای لوبنان بەهۆی قاچاقی ماددە هۆشبەرەکانەوەیە.

ئەو ماددەهۆشبەرانەی کە لە جیهاندا زۆرتر بەکار دێن بریتین لە:

١-حەشیش و ماریجوانا ٢-تریاک
٣-ئەوانەی لە تریاک دروست دەکرێن
٤-کوکایین ٥-ئامفتامین ٦-ئێکستازی

### ٦١ ملیارد دۆلار داهاتی ئەفغانستان لە بازرگانی نێودەوڵەتی ماددەهۆشبەرەکان

ڕاپۆرت و ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن چاندن، بەرهەمهێنان و قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان لە ئەفغانستان داکشانی بەخۆوە نەبینیوە و بگرە زیاتریش بووە. بانکی مۆن سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە وتارێکی بەوبۆنەوە دەڵێت «قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان کە لە دەمێ ساڵەوە گرفتێکی کۆمەڵایەتی و دۆسیەیەکی ڕێکخستنی گشتی ئەژمار دەکرا، لەم ساڵانەی دواییدا مەترسییەکی جددییە بۆ تەندروستی و تەناهی مرۆڤ و جیهان». ناوبراو لە درێژەدا گوتی «بازاڕی فرۆشی تلیاکی ئەفغانستان کە ساڵانە ٦١ ملیارد دۆلار داهاتی هەیە، ڕێکخراوەکانی چەکدار، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، زۆر هەوڵی ناسەقامگیری ئەفغانستان دەدەن و لەم ڕێگەشەوە داهاتێکی ماڵی بۆ خۆیان بەدەست دێنن». پێشتر ئامارگەلێکی تر لەمبارەیەوە دەگوترا بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٧ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی ساڵانەی مامەڵەی قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان لە ئەفغانستانی ٤ ملیارد دۆلار دانابوو کە ئەم ئامارە نوێیەی ٦١ ملیارد دۆلاریی داهاتی ئەفغانستان بەڕەچاوکردنی گرانبوونی نرخی ماددەهۆشبەرەکانیش هەر گەلێک پرسیار دەخولقێنێت. واتە بەپێچەوانەی بانگەشەی بەرپرسانی دەوڵەتی ئەفغانستان چاندنی ‹کوکنار› هەر هەیە و تەنانەت لەلایەن مافیاشەوە بەربڵاوتر بڵاو دەکرێتەوە. ئەوەی کە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەکو ئەلقاعیدە و هەروەها گرووپە بچووکەکانی چەکدار لە ئەفغانستان لە ترانزێتی نێودەوڵەتی ماددەهۆشبەرەکان ئەوپەڕی سوودی ماڵی وەردەگرن پێشتر دەزانرا و ساڵی ٢٠٠٧یش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمیدا باسی ئەو بازرگانییەی کردبوو بەڵام وەکو ئەم دواجارە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاشکاوانە باسی لێوە نەکردبوو. لێکۆڵەرانی ئەم بوارە ڕایان وایە سێکوچکەی توندوتیژی، هەژاری و شەڕ بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەفغانستان ببێتە پێتەختی ماددەهۆشبەرەکان لە جیهان و قاچاقچییانی نێودەوڵەتیی ماددەهۆشبەرەکان، گرووپەکانی تیرۆریستی و ئەلقاعیدە ئەو سێکوچکەیەن زۆرترین سوود لەم هەلومەرجە دەبینن و هەرچەند دەگوترێت زۆر پلان بۆ هەڵوەشاندنەوەیان داڕێژراوە بەڵام چالاکییان بەربڵاوتر بووەتەوە و بێگومان کاریگەریشیان لە وەزعی شێواو و ئاڵۆزی تەناهی ئەفغانستان ناکرێت، لەبەرچاو نەگیرێت. ئەو هۆکارانەی لە چاندن و بەرهەمهێنان و فرۆشتن و بازرگانیکردنی ماددەهۆشبەرەکان باسی لێوە کرا بەبێ بوونی بەرپرسانێکی پێوەندیدار بەم باسەوە گەشە ناکەن و ناتوانن بەر بەخەباتی نێودەوڵەتی دژی ماددەهۆشبەرەکان بگرن.

خەلیلی جێگری دووەمی سەرکۆماری ئەفغانستان لە ڕۆژی جیهانی خەبات دژی ماددەهۆشبەرەکان ڕاشکاوانە ئەو دەنگۆیەی پشتڕاست کردەوە و گوتی «ئەوە ڕاستییەکە لە هەموو وڵاتان و بەتایبەت ئەم وڵاتانەی ناوچە هەتا هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراو و ناوەندەکانی مافیایی نەبێت، زۆر گرفتە ماددەهۆشبەرەکان بەم جۆرە بەربڵاوە قاچاق بکرێت. دەبێ کەسانێک لەو شوێنە گرنگانە بن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوجۆرە ئیشانە و بێگومان دۆزینەوەیان و ڕادەستکردنیان بۆ یاسا پێویستە. هەتا ئێستە سەدان قاچاقچی ماددەهۆشبەرەکان بەباری زۆر گەورەوە لە ئەفغانستان دەستگیر کراون بەڵام هیچکات نەدراونەتە دەست یاسا و سزای پێویستیشیان نەبینیوە».

هەرچەند ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا داوای محاکەمەی چەند بەرپرسێکی گەندەڵی کردووە کە هاوکاری مافیای ماددەهۆشبەرەکان دەکەن بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنی لەلایەن دەوڵەتی ئەفغانستانەوە وەرنەگرتووە و ئەو بەرپرسە پایەبەرزانە لە سەرپۆشی سیاسییەوە بەئاسانی بازرگانی ماددەهۆشبەرەکان دەکەن و ئەمەندەش بەهێزن کە تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ناوێرن ئەو ناوانە ئاشکرا بکەن. بێگومان ئەگەر سەرنجی ئامارەکان بدرێت هیچ کەس باوەڕ ناکات چاندن، بەرهەمهێنان و قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان لە ئەفغانستان کەمی کردبێتەوە، بەتایبەت کە بەپێی ئامارەکان سێ ملیۆن کەس لەو وڵاتە بێکارن و بەقۆناخەکانی ماددەی هۆشبەرەوە خەریکن. شایانی گوتنە ئەو پارەی لە داهاتی ماددەهۆشبەرەکان بەدەست دێت بەشێکی کەمی دەگاتە دەستی جوتیاران و بەشی زۆری دەڕواتە گیرفانی قاچاقچییانەوە. هەروەها لێکۆڵەرانی ئابووری دۆسیەی ئەفغانستان ڕایان وایە لەناکاو هێنانی سیستەمی بازاڕی ئازاد بۆ وڵاتێک ٢٥ ساڵ شەڕ و ئاژاوەی تێدا بووە کارێکی زۆر هەڵەیە و ئاکامی نەرێنیشی بەدواوە بووە.

### ئەفغانستان سەرچاوەی چاندنی ماددەهۆشبەرەکان

ئەفغانستان بەپانتایی ٦٥٢,٠٩٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە بەدرێژایی ٩٣٦ کیلۆمەتر لەگەڵ ئێران، ٧٤٤ کیلۆمەتر لەگەڵ تورکمەنستان، ١٣٧ کیلۆمەتر لەگەڵ ئۆزبەکستان، ١٢٠٦ کیلۆمەتر لەگەڵ تاجیکستان، ٧٦ کیلۆمەتر لەگەڵ چین و هەروەها ٢٤٣٠ کیلۆمەتریش لەگەڵ وڵاتی پاکستان سنووری هاوبەشی هەیە. واتە ئەم وڵاتە لە بواری ژێئۆئێکۆنۆمییەوە ئامادەیی تەواوی تێدایە بۆ هەر جۆرە بازرگانییەک و هەروەها لە بواری ژێئۆپۆلۆتیکەوە زۆر بەرچاوە و Centre for Applied Linguistics دەنووسێت بەوجۆرەی لە مێژووی ئەم وڵاتە دەیخوێنینەوە لەو کاتەی کە سەربەخۆیی وەرگرتووە (١٩١٩) بەردەوام زلهێزەکان هەوڵی زاڵبوونیان داوە بەسەریدا.

نفووسی ئەفغانستان پتر لە ٢٨,٣٩٥,٧١٦ ملیۆن کەسە و مامناوەندی تەمەن ٤٣ ساڵە. ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا لە درێژەی ئامارەکانیدا دەنووسێت کە» ٩٩٪ی خەڵکی ئەفغانستان مسوڵمانن ٨٠٪ سوننە و ١٩٪ شیعەن» قەومی هەزارە شیعەن کە زۆربەی ئەفغانەکان لە جیاتی ئەوەی بڵێن ئەو ئەفغانە شیعەیە دەڵێن هەزارەیە. ئەفغانستان پێکهاتەی ٣٥ پارێزگەیە و ئەو پارێزگایانەی پتر گوڵی خەشخاشی لێ دەچێنرێت «باکووری ئەفغانستان پارێزگەکانی هیلمەند، قەندهار و نیمروز دەڤەری سەرەکی چاندنی گوڵی خەشخاشن». ئەفغانەکان گوڵی خەشخاش دەچێنن کە خاکی ئەم وڵاتە زۆر لەبارە بۆ ئەم بەرهەمە. خەشخاش کە دەچێنرێت پاش ئەوەی گوڵ دەکات بەنووکی چەقۆیەکی تیژ گوڵەکە بریندار دەکرێت و ئەو ماددەی لێی دەڕژێت کە سەرەتا سپییە لێی دەگەڕێن هەتا سبەی پێوەی دەمێنێت و دەبێتە ڕەش پاشان ئەوە کۆدەکرێتەوە و دەیکەنە تلیاک. زەحمەتی زۆرە و بەئاسانی بەعەمەل نایەت.

ئەفغانستان خاوەنی گەلێ کانگەی بەنرخی وەکو زێڕ و زوخاڵی ڕەش و هتدە بەڵام ئەم وڵاتە کە سی و چوار پارێزگەیە و ٣٥٪ی خەڵکەکەی بێکارن و ٣٦٪ی خەڵکەکەشی لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین، پتر لە ٤٢٪ی خەڵکەکەی ڕۆژانە بۆ کەمتر لە یەک دۆلار لە ڕۆژدا دەژین بەپێی بەراوردێکی irinnews.org، کە «دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووتێکردنی ئەو خەڵکە بۆ چاندنی گوڵی خەشخاش هەژاری و بێکاری و نەبوونی هیچ جۆرە کارگەیەکی پیشەیی بەتوانا لەو وڵاتە بزانرێت تەنانەت ئەو کەرەستانەی بۆ کارگەی زوخاڵی ڕەش هەیانە هی ٤٥ ساڵ لەمەوبەرە کە وڵاتی نەمسا پێی داون».

### لە گوڵی خەشخاشەوە بۆ هیرۆئین و کریستاڵ

گوڵی خەشخاش پاش ئەوەی بەزەحمەتێکی زۆرەوە دەبێتە تلیاک، ٦ تا ٩ کیلۆ تلیاک دەکوڵێنن بە هەندێ ئیزافاتەوە کیلۆیەک مۆرفین دروست دەبێت. ١٠ کیلۆ مۆرفین و هەندێ ئیزافاتی کیمیایی لە تاقیگە ٩٠٠ تا ٩٥٠ گرام هیرۆئینی لێ دروست دەبێت. جۆرەکانی تری ماددەهۆشبەرەکان «حەشیش، ماری جوانا و گراس وەکو توتن وایە و وەک جگەرە دەیکێشن». لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ جۆری نوێی ماددەی هۆشبەر هاتوونەتە بازاڕی جیهانەوە و ئەو ماددە نوێیانە بێگومان هەموویان لە هیرۆئین بەرهەم دێت. هیرۆئین بە هەندێ حەبی هێمنکەرەوە لە تاقیگەکانی تایبەت بە ماددەهۆشبەرەکان شیشە و کریستاڵی لێ دروست دەکرێت کە ئەم ماددەهۆشبەرە نوێیانە زۆر مەترسیدارن چونکە پاش پێنج ساڵ کەسی ئالوودەبوو هەموو گیانی دەپووکێتەوە و دەیکوژێت. لە ئەفغانستان خەڵک جۆرەکانی ماددەهۆشبەرەکان بەکار ناهێنن و تەنها هەندێ پارێزگە خەشخاش بەرهەم دەهێنن و دەیفرۆشن، کە دیارە دەسەڵاتدارانی ئەفغان و هەندێ بەرپرسی پاکستانی و بیانی لە بازرگانە گەورەکانین. بەپێی دوانرخەکانی ئەو ناوچەیە کیلۆیەک تلیاک لە ئەفغانستان ٢٠٠ تا ٢٥٠ دۆلارە و مۆرفینیش ٣٠٠٠ دۆلارە.

درێژە ل٧

## ڕۆژەڤی ئێران

# کاریگەریی «بەرجام» لە سەر ئابووریی ئێران



حەسەن شێخانی

هۆکاری سەرەکی بۆ ملدانی ئێران بە ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە بەرجام، قەیرانی ئابووریی ئێران بوو. خامەنەیی کە لە سەرووی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێدەگرێ، بەرتەسککردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێرانی بە مەرجی لاچوونی گەمارۆکانەوە گرێ دەدا. بەرپرسانی دەوڵەتی ڕووحانییش و لە سەرووی هەموویان خودی ڕووحانی و جەوادی زەریف وەزیری دەرەوە، لە بەرەڤانی لە ڕێککەوتنی ناوکی بەردەوام ئاماژەیان بە خراپیی دۆخی ئابووریی ئێران دەکرد و چارەسەربوونی پرسی ناوکییان بە پێشمەرجی هاتنەدەری ئابووریی ئێران لە قەیرانی هەنووکەیی لەقەڵەم دەدا . تەنانەت وایلێهاتبوو کە هەندێک جار چارەسەری هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی دیکە و جێبەجێکرانی بەڵێنییەکانی ڕووحانی لە بیاڤی نێوخۆییشدا بە چارەسەری پرسی ناوکییەوە گرێ دەدرا. واتە تا پرسی ناوکی چارەسەر نەبێ ڕووحانی ناپرژێتە سەر وەدیهێنانی ئەولەوییەتەکانی دیکەی بەتایبەت لە بواری ئابووریدا. لە لایەکی دیکە لە نێو (لانیکەم) بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەشدا چاوەڕوانییەکی خەیاڵی و دوور لە واقیع دروست ببوو کە ئەگەر پرسی ناوکی لە کۆڵ ئێران ببێتەوە ئەوە بە زوویی گیروگرفتە ئابوورییەکانی خەڵک کەم دەبنەوە و بەرەو چارەسەریی هەنگاو دەنێن.

قۆڵی ئوسوولگەرای توندئاژۆ بە شێوەیەکی ئامانجدار هەوڵیان دەدا کە چاوەڕوانیی خەڵک بەرنە سەرێ. توندئاژۆکان دەیانزانی کە دوای بەرجام و تەنانەت دوای لاچوونی گەمارۆکانیش کێشە ئابوورییەکانی ئێران بە ئاسانی چارەسەر نابن؛ بۆیە دەیانەویست لە ڕێگەی بردنەسەری ئاستی داخوازی و چاوەڕوانیی خەڵک و نەبوونی توانای دەوڵەت بۆ وەڵامدانەوە بەو چاوەڕوانییانە، هەستێکی بێهیوایی و نارەزایەتی لە نێو خەڵکدا دروست بکەن و لە پێگەی جڤاکیی دەوڵەت بدەن.

دوابەدوای لاچوونی گەمارۆکان ئوسوولگەرا توندئاژۆکان لە درێژەی ئەو ڕەوتەی پێشوویاندا، پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە ئێستا کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی دەوڵەت و وەختی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی ئێرانە. بە گوتەی وان دەوڵەت کە تەنانەت پیسبوونی هەوای گەورەشارەکانی ئێرانیشی بە گەمارۆکانەوە گرێدەدا، لەمەودوا هیچ پاساوێکی بۆ جێبەجێنەکردنی بەڵێنییەکان لێقبووڵ ناکرێ. ئەوە دوو ساڵ و نیوە دەوڵەتی ڕووحانی هاتۆتە سەرکار، نەتەنیا ئابووریی ئێران لە قەیران نەهاتۆتە دەر بەڵکوو قەیرانەکەی قووڵتریش بۆتەوە.

ڕوانینی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان هەڵگری بەشێک لە ڕاستییەکانە بەڵام ئەگەر بە چاوێکی کارناسانەوە لە واقعی ئابووریی ئێران بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران تەنیا لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە ناگرن و تەنیا بە لاچوونی گەمارۆکانیش چارەسەر نابن. لە ڕوانگەی کارناسانی ئابوورییەوە گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران لە چەندین فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرن کە هەرکام لەو فاکتەرانە بە نۆرەی خۆیان کاریگەریی نەرێنییان لە سەر ئابووریی ئێران داناوە و ئەو قەیرانەیان بەرهەم هێناوە کە هەنووکە لەگەڵی بەرەوڕوون.

١)ئابووریی ئێران بە دەست لێنەزانیی بەڕێوەبردنی دەیان ساڵەوە دەناڵێنێ. بە قسەی ڕووحانی تا ئێستاش ئابووریی ئێران سوبسید بە سیاسەت دەدا. بە دەربڕینێکی دیکە بەش(هێز)گەلی سیاسی و ئابووری لەیەک جیا نەکراونەوە و ئابووریی ئێران تێچووی سیاسەتە گشتی و ناباوەکانی سیستم دەدا. پێکهاتەی ئابووریی ئێران داخراوە و لەگەڵ ئابوورییەکی ڕکەبەریی مەودای هەیە. بنیات و ناوەندگەلی بڕیاردەر لە بیاڤی ئابووریی ئێراندا زۆرن بە چەشنێک کە ناوەندگەلی نیزامی–ئەمنیەتی بە شێوەیەکی مافیایی و دژەکارکردی جومگە گرینگەکانی ئابووریی ئێرانیان قۆرخ کردوە. ئەو بنیات و ناوەندانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی دەجووڵێنەوە و چالاکن، هەر بۆخۆیان کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێی ئابووریی ئێرانن.

٢)سیاسەتە هەڵەکانی سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینەژاد زیانێکی گەورەی لە ئابووریی ئێران دا. لەو قۆناغەدا داهاتی هەناردەکردنی نەوت بە ٧٠٠ ملیارد دۆلار گەیشت کە نەتەنیا باندۆرێکی ئەرێنی لە سەر پەرەسەندنی ئابووریی ئێران نەبوو بەڵکوو لە ڕێگەی هاوردەکردنی کاڵای دەرەکییەوە زەبرێکی گەورەشی لە بەشی بەرهەمهێنان وەشاند. بە کورتی ئەحمەدینەژاد بە شێوەیەکی نەریتی و بە دوور لە کاری کارناسانە و زانستی، ئابووریی ئێرانی بەڕێوەبرد و لەم ڕێگەوە پشتی ئابووریی ئێرانی چەماندەوە.

٣)بەشێک لە کێشە ئابوورییەکانی ئێران ڕاستەوخۆ لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێکیش گەمارۆکان بەستێنی دروست بوونیانی خوڵقاندوە. واتە بە هۆی گەمارۆکانەوە بەشێک لە کێشەکان بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر کراون کە ئەمەش ڕێی لە چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان گرتوە و نەخۆشیی ئابووریی ئێرانی پەرە پێداوە.

ئابووریی ئێران نەخۆشیی جۆاوجۆری هەیە و دەرمانکردنیشی پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە. پێش هەموو شتێک پێویستە ستراتیژییەکی بیرلێکراوەی ئابووری دابڕێژرێ کە بتوانرێ لە دەرفەتی لاچوونی گەمارۆکان کەڵکی پێویست وەربگیرێ. لاچوونی گەمارۆکان وەک ئەوە وایە کە بەردێک لە لاقی دەوڵەت بکرێتەوە و دەوڵەت ئازادیی کردەیی زیاتر پەیدا دەکا.

بێگومان هیچ وڵاتێک ناتوانێ پەرە بستێنێ ئەگەر پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دنیای دەروە نەبێ. لە دنیای پێکەوەگرێدراوی هەنووکەییدا هیچ وڵاتێک لە گۆشەگیریدا ناتوانێ پەرە بستێنێ. ئێران لە سەردەمی گەمارۆکان و تەریککەوتنەوەیدا لە زۆر بواردا دوا کەوتوە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و پێداچونەوەی پێکهاتەیی هەیە؛ دەنا ناتوانێ لە دەرفەتی لاچوونی گەمارۆکان و کرانەوەی دەرگا نێونەتەوەییەکان وەک پێویست کەڵک وەربگرێ. بە کورتی هەروەک ئاماژەی پێکرا گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران تەنیا لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە ناگرن تا بە لاچوونی گەمارۆکانیش بە تەواوی چارەسەر ببن. ئابووریی ئێران بۆ تێپەڕین بەرەو قۆناغی پەرەسەندوویی پێش هەموو شتێک پێویستیی بە چاکسازییەکی پێکهاتەیی هەیە. پێویستیی بەوە هەیە کە ئەو بڕە گەورەیەی قاچاغی کاڵا نەمێنێ و هەموو ئابووریی ئێران بخرێتە ژێر چاوەدێریی یاساوە. ئەمەش کارێکی زەحمەت و چەتوونە و تەنیا بە دەوڵەت ناکرێ.

### درێژەی

# ئێران و ئابووری ماددەهۆشبەرەکان

**قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان و داهاتی چەند ملیارد یۆرۆیی بۆ پاسدارانی ئێران**

گۆڤاری «دی وۆڵتیی ئەڵمانی» لە بابەتێکیدا ئاشکرای دەکات سوپای پاسدارانی ئێران لە قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان بۆ ئەورووپا داهاتێکی چەند ملیارد یۆرۆیی هەیە. ئەم گۆڤارە دەنووسێت «رژێمی ئێران، رۆژئاوا بەچاوپۆشیکردن لە ترانزێتی ماددەهۆشبەرەکان دەترسێنێت و پێدەچێت بەم هەڕەشەیەی بیەوێت وشیاری بە وڵاتانی ئەورووپی بدات لەمەڕ پەسندکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران. محەمەد جەواد لاریجانی ئەو وشیارییە بە ئەورووپا دەدات و دەڵێت: ئەگەر ئاگەداری سنوورەکانمان بۆ ترانزێتی ماددەهۆشبەرەکان بکەینەوە ڕێگەی قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان بۆ ئەورووپا زۆر ئاسان دەبێتەوە».



دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە ئێران، رۆژئاوا بەکردنەوەی ترانزێتی ماددەهۆشبەرەکان دەترسێنێت، بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس «بەڵگەکانی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن ئێران رۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان لە ئەفغانستانەوە بۆ ئەورووپا. لە ساڵەکانی ٢٠٠٦،٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ ئەو بارە زۆرەی لە قاچاقی ماددەهۆشبەرەکانی کۆماری ئازەربایجان دەستی بەسەردا گیراوە، هیرۆئینێک بووە هێزەکانی تەناهیی ئێران لە ئەفغانستانەوە بەمەبەستی گەیشتن بۆ ئەورووپا لە ڕێی کۆماری ئازەربایجانەوە گواستوویانەتەوە و بەرپرسانی ئەفغانیش تێیدا بەشدار بوون».

بەشێکی بەرچاو لە تلیاکی ئەفغانستان ئێران دەیکڕێت و پاشان دەیکاتە هیرۆئین و هەناردەی دەرەوەی وڵاتی دەکات، دی وۆڵت لە درێژەدا دەنووسێت «بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەو قاچاقچییانەی دەدرێنەوە دەست ئێران پاش ماوەیەکی کورت دووبارە کاری پێشوویان دەست پێ دەکەنەوە. چونکە داهاتی سوپای پاسداران لە قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان بۆ ئەورووپا پتر لە چەندین ملیارد یۆرۆیە».

**ئێران ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان**

وڵاتی ئێران بەپانتایی ١،٦٤٨،١٩٥ کیلۆمەتری چوار گۆشە لەگەڵ ئەفغانستان، پاکستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، تورکمەنیستان، تورکیا و عێراق سنووری هاوبەشی هەیە. وڵاتێکە بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافییەوە رۆڵی بەرچاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت چونکە ڕێی بە دەریاکانی خەزەر و عەممان و کەنداو هەیە. ئەم وڵاتە کە بەهۆی دراوسێتی ئەفغانستان ڕێگەی ترانزیتی مادده هۆشبەرەکانە هەرچەند کەمتاکورتێ بۆ بەرگری لە دزەکردنی ئەم ماددەیە بۆ وڵاتەکەی هەوڵی داوە «بەڵام ناشاردرێتەوە هەر بەوجۆرەی حوجەتولئیسلام زەم کاتی خۆی لە رۆژنامەی هەمشەهری باسی کرد رۆژانە پتر لە یەک تۆن تلیاک لە تارانی پایتەخت مەسرەف دەکرێت».
دیارە دەسەڵاتی ئێران پێی ناخۆش نییە کە گەنجان ماددەی هۆشبەر بەکار بێنن چونکە ئەوەی لە سەرقالبوونیان بەدژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران پێ باشترە. بەڵگەی زۆر هەن کە بە شێوازی جۆراوجۆر چاوپۆشی لە بەکارهێنەر و فرۆشیار و بازرگانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن دەسەلاتی ئێرانەوە کراوە. پارێزگەکانی رۆژهەڵاتی ئێران بەهۆی دراوسێتی ئەفغانستانەوە هەمیشە لەگەڵ قاچاقچێتی لەگەڵ ئەم ماددە ترسناکە دەستەویەخە بوون و یەک لەوان پارێزگەی بەلووچستانە کە بێکاری لەم پارێزگەیە لەو پەڕی خۆیدایە.

کاروانی قاچاقی ماددەهۆشبەرەکان بە ئۆتۆمبێل و چەکدارەوە لە سنووری هاوبەش لەگەڵ ئەفغانستان دێتە ئێران و لە هەندێ سنوورەوە دیارە دەستی گەندەڵیشی تێدایە تا دەگاتە تاران کە کیلۆیەک تلیاک نرخی ١٠٠٠ دۆلارە، مۆرفین ٦٧٠٠ تا ٧٠٠٠ دۆلارە. لە تارانەوە تا دەگاتە سنووری تورکیا گەلێ خاڵی پشکنین دەرباز دەکات و دیارە کاتی خۆی ئەکبەری گەنجی لە کتێبەکەیدا (عالیجنابان سرخ پوش) رای وابوو ئیتلاعاتی ئێران هێڵی نێودەوڵەتی بۆ گواستنەوەی ماددەهۆشبەرەکان بۆ دەرەوەی وڵات هەیە و بێگومان ئەم بازرگانییە رەشە ئەمەندەی پارە تێدایە کە کەمتر وڵاتێک دەتوانێت خۆی لێ بکشێنێتەوە». لە ئێرانەوە بۆ تورکیا و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بە ئەسپ و ئۆتۆمبێل دەگوازرێتەوە. کیلۆیەک هیرۆئین لە شارەکانی سنووری تورکیا ٨٠٠٠ یۆرۆیە و لە ئیستانبول ١٢٠٠٠ یۆرۆیە کە بە پاپۆرە و شتی لەو بابەتە دەگاتە ئەورووپا. لە ئەورووپاش ٣٢٠٠٠ یۆرۆیە. تلیاک بۆ ئەورووپا ناڕوات. قاچاقچییە گەورەکانی ماددەهۆشبەرەکان لە ئێران ئەگەر بیانگرن لە کاتێکدا لە نێوخۆی وڵات بڵاوی دەکەنەوە، حوکمی زیندانی درێژخایەن یاخود بەدەگمەن حوکمی ئێعدامی هەیە و ئەگەریش بیانگرن کە بۆ وڵاتانی دراوسێی دەگوازنەوە حوکمی زیندانی کورتخایەنیان دەدەنێ یان بە غەرامەکردنی دانی پارە یاخود بەرتیلێکی زۆر ئازادیان دەکەن.

**ئێران و مەسرەفی ماددەهۆشبەرەکان**

لە ئێران ڕۆژانە ١١ ئالوودەبوو گیانی خۆیان لەدەست دەدەن و بەپێی ئامارەکانی ناوەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان ڕۆژانە زیاتر لە ١٧٠٠ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا دەگیرێت بەڵام زەحمەتە کە هەمووی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە بفەوتێت. ٥٢٪ی ئەو تریاکەی لە ئەفغانستان بەرهەم دێت لە ئێران مەسرەف دەبێت ئەوە لە کاتێکدایە کە هیندوستانی یەک ملیارددی تەنها ٧٪ی تریاکی بەرهەمهێنراوی ئەفغانستان مەسرەف دەکات. پێشتر لە ئێران زیاتر تریاک، حەشیش، هیرۆئین و مۆرفین لەلایەن ئالوودەبوانەوە بەکار دەهات بەڵام ئێستە زیاتر ئەو بەشە لە ماددەهۆشبەرەکان بەکار دێت کە لە تاقیگەی کیمیاییدا دروست دەکرێن وەکو LYSERGIC-ACID-DIETHYLAMIDE ، ECSTASY، KETAMIN، METHADONE، AMPHETAMINES، MAGIC MUSHROOMS، MAGIC MUSHROOMS، STEROIDS، TRANQUILIZERS= DEPRRESSANT، PCP، OXYCONTIN کە پێیان دەڵێن «ماددەی هۆشبەری سەنعەتی». هۆکاری زیاتر گیرۆدەبوون و ڕاکێشانی کەسانی ئالوودەبوو بۆ لای ماددەی هۆشبەری سەنعەتی بەهۆی هەرزانییەکەوەیەتی و هەروەها زووتر و ئاسانتریش وەدەست دەکەوێت و کەم نین ئەو شارانەی کە ئێستە بۆ خۆیان تاقیگەی شاراوەیان هەیە و بەرهەمی دێنن و ئەگەر شاری سنوورین بۆ وڵاتانی دراوسێشی دەنێرن.

ئێکستازی، شیشە، مت ئامفتامین و جۆرەکانی تری حەبەکان هەنووکە ماددەی سەرەکی مەسرەفی ڕۆژانەی ٣٠ هەتا ٤٠ ملیۆن ئالوودە بوون لە جیهاندا و بەرامبەرە لەگەڵ هەموو ئالوودەبوانی هیرۆئینی و کۆکایینی لە وڵاتانی جیهاندا.

لانیکەم ٨٪ی دانیشتووی تاران کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٤٥ ساڵە جارێک شیشەیان تاقیکردووەتەوە و ئەمە ئامارێکی ترسناکە و بۆ ڕاکێشانی گەنجان بەرەولای ماددەی هۆشبەر جۆرەها ریکلامی سەیروسەمەرە لە نێو کۆمەڵگەدا لەئارادایە کە فێری کێشانی ئەم جۆرە مادانە بن.

سکرتێری ئەنجوومەنی هەماهەنگی خەبات دژی ماددەی هۆشبەر لە پارێزگەی سیستان و بەلوچستان، محەمەد هادی مەرعەشی دەڵێت: «لە ٧ مانگی رابردوودا ٩٨ تۆن لە جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لەم پارێزگەی سیستان و بەلوچستان دەستی بەسەردا گیراوە کە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ پارساڵ ٦٨٪ زیادی کردووە و لەو ٩٨ تۆنە تەنها ٨٠ تۆنی تریاک بووە و ئەوەی تر ماددەی هۆشبەری سەنعەتی بووە».

فەرماندەی هێزی پۆلیسی هورموزگان، عەزیزوڵڵا مەلەکی دەڵێت: «هەتا کۆتایی مانگی ٨ی ئێرانی، ١٤٦ گرووپی قاچاقی ماددەی هۆشبەر گیراون، ٢٩ دانە جۆرەکانی چەک و ٦٤٦ ئۆتۆمبێلیشیان دەستی بەسەردا گیراوە». ئەو لە درێژەدا گوتی: «لەم ٨ مانگی رابردووەدا ٤٩ تۆن لە جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لە قاچاقچییەکان گیراوە».



جێگری هێزی پۆلیسی پاریزگەی یەزد، عەتائوڵڵا ئەحمەدی رایدەگەیەنێت کە «لە ٨ مانگی رابردوودا ٢٧ تۆن ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە کە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ پارسال ١٠٦٪ زیادی کردووە و ٣ هەزار و ٥٨٩ قاچاقچی دەستگیر کراون».

---

## له رۆژهەڵاتەوە...

# ژێر پێیان دەریای نەوتە بەڵام لە کەپر و خێوەتدا دەخوێنن!

**کوردستان**

کاربەدەستانی بەشی پەروەردەی ئێران دەڵێن کە ٦٢٥ قوتابخانە لە ئیلام و کرماشان خێوەت و کانێکسن. ئەوان دەڵێن کەمیی قوتابخانە و خوێندنگە لە کوردستان وایکردوە کە بە هەزارن منداڵ لە کرماشان و ئیلام لە ٦٢٥ قوتابخانەدا بخوێنن کە خێوەت یان کەپر یان کانێکسن.

جەلیل بالایی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری شوڕای گوندەکان لە پارێزگای کرماشان دەڵێ ٥٤٣ گوندی کرماشان قوتابخانەی نییە و منداڵانی ئەو گوندانە لە کانێکسدا دەخوێنن.

ئەو دەڵێ بۆ باشکردنی دۆخی پەروەردە دەبێ سەرمایەی زیاتر بۆ پارێزگای کرماشان تەرخان بکرێ، بەڵام ئەم بابەتە تا ئێستا گرینگییەکی ئەوتۆی نەدراوەتێ.

مەجید عەسکەری، جێگری پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای ئیلامیش دەڵێ ٨٠ قوتابخانەیان لە ئاستی پارێزگادا هەیە کە کانێکس یان خێوەتن.



ئەو دەڵێ نەبوونی قوتابخانەی ستاندارد و خوێندن لە خێوەتو کانێکس لە ناوچە هەژاردەکان وایکردوە کە منداڵان هۆگرییەکی ئەوتۆیان بۆ درێژەپێدان بە خوێندن نەبێ. عەسکەری دەڵێ دەوڵەت توانای دروستکردنی قوتابخانە لەو شوێنانەی نییەو دەستی یارمەتیی بۆ خێرخوازان درێژ کردوە.

هەبوونی٦٢٥ قوتابخانە لە ئیلام و کرماشان لە شیوەی خێوەت و کانێکسن لە حاڵێک دایە کە چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕاگەیەندرا کە پارێزگای ورمێش پێویستی بە ٥ هەزار کلاسی دەرسی دیکە هەیە.

فەریبۆرز ئیسماعیلزادە، بەڕێوەبەری گشتیی گەشە، نۆژەن کردنەوەو پۆشتەکردنی قوتابخانەکانی پارێزگای ورمێ وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم بابەتە دەڵێ بەم برە ئیعتیبارو بودجەیەی کە بۆ دروستکردنو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان ئەم پارێزگایە تەرخان دەکرێ، ماوەی ٥ ساڵ کات پێویستە تا ئەو ٥ هەزار پۆلی خوێندنە دروست بکرێنو قەرەبووی کەمایەسییەکان بکرێ.

دابین نەکردنی ئیمکاناتی خوێندن لە کوردستان لە حاڵێک دایە کە ئامارەکان دەڵێن لە پارێزگای سنە ٢٨٦ هەزار کەس بە تەواوی نەخوێندەوارن کە ١١٢ هەزار کەس لەوان تەمەنیان لە نێوان ١٠ تا ٤٩ ساڵە.

هەروەها جێگری خوێندەواریی ئیدارەی گشتیی فێرکردنو پەروەردەی پارێزگای ورمێ دەڵێ لە ئێستادا ١٨٣ هەزار کەس لە ئاستی تەمەنیی ١٠ تا ٤٩ ساڵ لەم پارێزگایەدا نەخوێندەوارن.

لە پارێزگای کرماشانیش ٢٩١ هەزار کەس و لە پارێزگایەکی بچووکی وەک ئیلامیش ٢٩ هەزار کەس نەخوێندەوارن و ئەوانەش دەرەنجامی سیاسەتی هەڵاوردنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بوونی هەژاری و بێ دەرەتانیی خەڵکە.

وتوویژ

# بەرەو کۆنگرە

ئامادە کردن:
ڕێبوار مەعرووفزادە

**کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیک دەگیرێ و ئەندامانی کۆنگرە هەڵسەنگاندن بۆ کارنامەی ئەو حیزبە دوای کۆنگرەی ١٥ دەکەن. کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و لەوێدا دەکرێ گۆڕانکاری گەورە بەسەر سیاسەت و پێکهاتەی حیزب بێ. ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەوەی ئامادەیی فیکری زیاتر بۆ کۆنگرەی ١٦ هەبێ، ڕای بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لەهەمبەر چاوەڕوانی و داواکاری یان لە کۆنگرە پرسیوە.**



**دوکتور سەعید شەمس**

بە باوەری من گرینگترین باسی کۆنگرە دەبێ، دووبارە دارشتتی بەرنامە و ستراتێژی سیاسی حزب بێت. ١) ئەو کارە دەبێ لە روانگەی لێکدانەوەیەکی تۆکمە لە سەر رابردوو ،بە تایبەت ٣٥ ساڵ رابردوو، بکردرێ. ٢) لەو بەستێنەوە باسی سەرەکی ئەوەیە بۆ سەرکەوتوو نەبووین؟ ٣) لە پاڵ ئەو پێداچوونە باسی دووەم دەبێ برتییە بێ لە ئامانجی ئێمە چی یە؟ ئەگەر وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کوردە، باشە چۆن ئەو ئامانج گەڵاڵە دەکەین؟ ٤) خاڵی چوارەم، چ لێکدانەوەیەکمان هەیە لە بارودۆخی هەنووکە و پارسەنگی سیاسی هێزەکان و هی خۆمان. ٥) بە کام ستراتێژی سیاسی ئەو پارسەنگە دەگۆردرێ و ئێمە ڕێگای گەیشتن بە ئامانج دابین دەکەین. ٦) خاڵی کۆتایی دەبێ ئەوە بێ کام سەرکردایەتی دەتوانێ ئەو ٥ خاڵە مسۆگەر بکا و لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامنجە حیزب، کادرەکان حیزب و خەڵک پەروەردە بکا و ڕێکییان بخات و لە ڕێگای سیاسی بۆ وەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی حیزب و نەتەوەی کورد هەوڵ بدا.



**خالند سێلەکە**

کۆنگرەی ١٦ پێویستە گرینگی بە بەشەکانی ڕاگەیاندن و تەشکیلات بدا. ئەگەر تەشکیلاتی بەهێزت لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، ناتوانی لە رۆژهەڵات چالاک بی. تەشکیلات دەبێ لە نێوخۆ یارمەتی مالی کۆ بکاتەوە دەنا ناکرێ لە باشوور را ئەو کارە بکرێ. پێویستە ئێمە خەڵکی خۆمان لە رۆژهەڵات و دەرەوە فێر بکەین کە یارمەتی ماددی بزووتنەوە و حیزبەکەیان بدەن. زۆربەی خەڵک ناتوانێ بێتە باشوور و تەشکیلات دەبێ خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداری خەبات بکا. ئەگەر خەڵک یارمەتی زیاتری حیزب بدەن، زیاتر ئەو حیزبە بە حیزبی خۆیان دەزانن و بەشەکانی دیکەی حیزبیش وەک ڕاگەیاندن بەهێزتر دەبێ.



**سەیران بایەزید حوسێنی**

کچانی رۆژهە لات لە بیر نە کە ین. هیوادارم تەشکیلاتی حیزب ئەو سێ خالەی خوارەوە لە کاری تەشکیلاتی لەبەرچاو بگرێ:

١_لە چە ند دەیەی رابردوو کچەکان سەلماندویانە کە لە زۆر بواردا لە کوورە کان چە ند هە نگاو لە پێش ترن. بۆ دە رچوونی زانکۆ لە هە موو ئاستەکان و هەموو بەشەکانی خوێندن رێژەی قبووڵ بوونی کچان لە کووران زیاترە کە نیشانەی چاکتربوونی کچانە.

٢_لە نەبوونی و کەمتەرخەمی حیزبەکانی رۆژهەڵات، رەوتگەلی ئیسلامی بە پلان و کاری درێژخایەن توونددرەو توانیویانە کە کچان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. پێویستە بابەتی ئیسلامی سیاسی و تەشەنەسەندنیان بۆ نێو کچان باسێکی کۆنگرەی ١٦ بێ.

٣_ بەو پێیە کە کچانی ئێستا دایکانی داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستانن و دەتوانن نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی نیشتمان لە نێو کۆمەڵگە پەرە پێ بدەن، پێویستە بایەخ بە پەروەردەکردن و بەشداری کچان بدرێ.



**ناسر قادرپوور**

حیزب پێویستە بایەخ بە چوار بواری ئابووری، دیپلۆماسی، میدیایی و تەشکیلاتی بدا. هەموشتێک بە ئابوری بەهێز دەکرێ. کۆمەڵگا،حیزب و حکوومەت بە هۆی ئابووری یەکی بەهێز، بەهێز دەبن و وڵاتانێک وەک ژاپۆن،ئالمان و ئامریکا بە هۆی ئابووری یەکەیان بەهێزن. ئەگەر ئابوریەکەشت لاواز بوو ئەوا وەک سۆماڵیات لێدێ و دەبێ میللەتەکەی هەر شیری وشک و نانی رەق بخوات.

هەروەها دیپلۆماسی حیزبی دەبێ لە کومیسۆنێکدا بە ناوی کومیسۆنی کاروباری دیپلۆماسی دابمەزرێ و کەسانی شارەزا لە بوارەکانی زمان و سیاسیدا تێدا کۆبکرێتەوەو ئەرکداریان بکەین بۆ باشتر ناساندی گەلەکەمان و حیزبەکەمان لە گەڵ دونیا دەرەوەدا. حیزبی سیاسی مودێرن و پێشکەوتو دەبێ میدیا و میدیاکاری شاراەزا و ئاکادیمی و کەسانی بە ئەزموونی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانەی حیزبی سەرەکی و پێشکەوتوو بێت. تەشکیلاتی حیزبیش بۆ بەهێزبوون پێویستە لە کەسانی شارەزا و دلسۆز پێکبێ و لانیکەم لە ساڵ دا چوارکۆبونەوەی تەشکیلاتی پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی وەک حیزبی خاوەن هێز لە هەموو شوێنەکاندا زۆرترین رێژەی ئەندامانی چالاک بەشداری لە هەموو بۆنەکاندا بکەن.



**وریا رەحمانی**

من پێموایە حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١٦دا دەبێ گرینگییەکی تایبەت بە سێ بواری تەشکیلاتی، دارایی و راگەیاندن بدات کە لە ئێستادا لاوازییان پێوە دیارە. وەهەروەها پرۆژەی رۆژهەلات مێحوەری لە خانەی قسەوە بگوازێتەوە بۆ گوتارێکی کرداری و بیکات بە بڕیاری کۆنگرە. پێویستە سیستمی حیزبی لە حالەتە کلاسیکەکەی خۆی بێتە دەر و بەجۆرێک کە ولامدەری نیاز و داخوازییەکانی سەردەم بێ مۆدێرن و بەرۆژ بکرێتەوە. گرینگییەکی زیاتر بە چالاکیی نێوخۆیی بدرێ و لەرێی دروست کردن و پەیوەندی لەگەڵ جەریاناتی موازی هەوڵ بۆ پەرە و گەشەی خەبات لە نێوخۆدا بدات. پێویستە لە نەبوونی حزووری راستەوخۆ لە نێوخۆدا بە بەرجەستە کردنەوەی گوتارێکی میللی دێموکراتیک لە چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەلات مێحوەریدا دەورێکی پڕرەنگتر بگێرێ و فۆرمولێکی چارەسەریی گونجاو و سەردەمیانە ئاراستەی خەلکی رۆژهەلات بکات.



**سروە زەندی**

کۆنگرە لە ژیانی هەر حیزبێکی سیاسی و لەم نێوەدا لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا نەخشێکی گرینگی هەیە. ئێستا کە بەرەو کۆنگرەی ١٦ی حیزبەکەمان دەڕۆین ئەو پرسە لە ئارا دایە کە کۆنگرە دەبێ چی بکا یان بە واتایەکی دیکە چ چاوەڕوانی‌یەکمان لە کۆنگرە هەیە. بە مەبەستی بەرەوپێش‌چوونی باشتری کارەکانی حیزب و بەگوڕترکردنی خەبات و بەهێزتربوونی حیزب ئەو پێشنیارانە پێشکەش دەکا:

١)لەبەر ئەوەی کە ڕێبەریی حیزب لە رەوتی کار و تێکۆشانی حیزب‌دا رۆڵێکی گرینگی هەیە پێویستە لە ڕێگەی میکانیزمێکی بیرلێ‌کراوە و هەڵسەنگێنراو هەڵبژێردرێن و چاوەڕوانیشم لە ئەندامانی کۆنگرە ئەوەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی پێویستی‌یەکانی ئەمڕۆی خەبات و بەدوور لە هەرچشنە هەستێکی عاتفی و نالۆژیکی ئەندامانی ڕێبەری هەڵبژێرن؛ ڕێبەرییەک کە بە تەواوی شانە بداتە بەر کاروباری حیزبی و هەموو وەختی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان بکا.

٢)حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کنگرەی ١٦دا لە سەر گوتاری ئێستای حیزب کە کاک خالید عزیزی بە باشی نوێنەرایەتی دەکا، پێداگری بکا. گوتارێک کە لە سەر بنەمای ناسینی دروستی کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی کوردستان بینا کراوە و حیزبی ئێمەی بردۆتە نێو فەزای سیاسی و روناکبیریی نێوخۆ و وەڵامێکی ئەرێنیشی لە لایەن چین‌توێژەکانی کۆمەڵگەوە پێدراوە.

٣)کۆنگرە دەرفەتێک بێ بۆ پێداچوونەوە بە کەم‌کوڕی‌یەکانی حیزب و پێداگری بکا لە سەر توندوتۆڵ کردنەوەی حیزب و بە لێبڕاویی ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی کە ئێستا لە نەزم و دیسیپلینی حیزب‌دا دەبینرێن.

٤)بۆ بەقووەت هێشنەوەی ناوەندی سەرەکی حیزب لە کوردستان، پێویستە وێرای رێزگرتن و بەهەندوەرگرتنی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزب، گرینگی زیاتر بە تەشکیلاتی حیزب لە کوردستان بدرێ و ئەمەش بە شێوەیەکی عەقڵانی لە هەڵبژاردنی ڕێبەریی حیزبیش‌دا بە چەشنێک رنگ بداتەوە.

حیزبایەتی کارێکی تیمی و گرووپی‌یە و هەمووومان بەیەکەوە دەتوانین ئەم حیزبە بەرەوپێش بەرین و لە ئاست چاوەڕوانی لە حیزبەکەمان‌دا بین.



**کامیل ئوستاد ئەحمەدی**

پێویستە کۆنگرە بە خوێندنەوەیەکی هەلومەرجی جیهانی، ناوچەیی و بەتایبەتی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان جەخت لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە بکا:

یەکەم: بناخەی بەهێزبوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەوە دادەمەزرێ کە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بین. هەر بۆیە کۆنگرە پێویستە کارنامەی حیزب لە بواری تەشکیلاتی و ڕێکخستن هەڵسەنگێنێ و روانگە و ڕێکاری نوێ بۆ کاری تەشکیلاتی پێشنیار بکا.

دووهەم: هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی بە شێوەی ڕابردوو بەرێوە نەچێ و کادری رێبەری بۆ بەرپرسیارەتی و ئۆرگانی دیاریکراو هەڵبژێردرێ. حیزب هەیئەتێک لە کەسانی شارەزای ئابووری بۆ کاری سەرمایەگوزاری و پتەوکردنی ئابووری حیزب دەستنیشان بکا.

سێهەم: پێویستە حیزب کۆتایی بە گرفتە نێوخۆیی یەکان بێنێ و متمانەی بەرامبەر بە هەموو ئەندام و ئۆرگانەکانی حیزب ببەخشێ.

چوارەم: رۆژهەڵاتتەوەری تاکوو ئێستا زۆرتر وەک درووشم بووە و نەیتوانیوە لە ئۆرگانەکانی حیزب دا رەنگ بداتەوە. هیودارم کۆنگرە باس لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی رۆژهەڵاتتەوەری بکاتەوە.



**سمکۆ مەحموودی**

من هەمیشە پێموابووە کە شۆڕشی ڕاستەقینە سەرهەڵدان و یاخی بوونێکی سەرکێشانەیە کە چەندین چەمک و ڕەهەند و ئامارزی جیاوازی هەیە و دەبێ کەڵک لە هەر هەموویان وەربگرین و دەبێ کەڵکیشمان لە هەرشێوازێک وەرگرت ئەوەندە سووربین لەسەری کە کاریگەریەکانی ئەو شێوازە خەباتەلەسەر کۆمەڵگاکەمان ببینین بە شێوەیە کە دوژمنەکەمان ناچار بە هەڵوێست و وڵام دانەوە بکەین، حیزبی دیموکرات ئەوەندەی دژکردەوەی هەبوە کردەوەی نەبوە دژکردەوەش بەجۆرێک نیشانەی لاوازی و ناچار بوونە ، حیزبی دیموکرات بەو شێوازە خەباتە مەدەنیەی کە بەچەند ئامرازێکی ڕاگەیاندن ئەویش بە کەمترین بینەرو گوێگر و خوێنەرەوە، یان بە چەند پێشمەرگەیێ کە لەسەر ڕەزامەندی بەشێک لە دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم ڕۆشتوونەتە ناوچە سنووریەکان و هەرکات بیهەوێت ناهێڵێت برۆن، ناتوانێ کۆماری ئیسلامی ناچار بە وڵام دانەوە بکات . ئێرە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستە و هەر شێوازێک لە خەبات کە دەیکەین دەبێ شلگیرانە و بە بەرنامە ئەنجامی بدەن تا بە مافەکانمان بگەین.



**شەونم هەمزەیی**

کۆنگرە وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزب،گەلێک ئەرکی لەسەر شانە لە دیاریکردنی ڕێباز و ستراتژیەکانی حیزب و ڕێکخستنەوەی لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردن، تەشکیلاتی و چالاکیەکانی حیزبی.

هەروەک دەزانین حیزبی دێموکڕات لە سەرەتای دامەزرانی لە سەردەمی کۆماری کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی بە پێویست زانینی بەشداری پێکردنی ژنان بوو لە مەیدانی کارو دەسەڵات، لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ...هتد. پێکهێنانی ڕێکخراوی ژنان لەسەردەمی کۆماری کوردستانیش نیشانەی ئەو بایەخدانەی حیزبی دێموکرات بووە بە رۆلی ژنان لە کۆمەڵگە و سیاسەت دا.

لە ماددەی هەژدەهەمی بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی حیزبدا، زۆر بە ڕوونی

کوردستان ڕۆژنامەی ● ژمارە: ٦٧٣

باس لە یەکسانی ژن و پیاو ، بەشداری پێکردنیان لە مەیدانی کارو دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمی هەڵاواردنی ئەرێنی و دیاری کردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕێوەبەریەکان بۆ ژنان کراوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە کە کۆنگرەی ١٦ بە لەبەرچاو گرتنی هەموو پرنسیپەکان، بتوانێ مەیدانێکی زیاتر بۆ ژنان بڕەخسێنێ و دەرفەتی زیاتریان پێ بدات، بۆ ئەوەی لە پێکهاتەی ئۆرگانەکانی حیزبدا زیاتر ڕۆڵیان هەبێ و بەشداری بکەن لە پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان و لە سەرجەم ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزبیدا جێگە و پێگەی ژن دیار بێ. بەو هیوایە کە کۆنگرەی ١٦ هەڵاواردنی ئەرێنی بۆ ئاستێکی سەرتر بەرز بکاتەوە و لە تەرکیبی دەفتەری سیاسی حیزبەکەمان دا بەلانیکەم یەک ژن هەبێ.



**عەلی لەیلاخ**

کۆنگرە وەک بانترین ئۆرگانی حیزب دەتوانی بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتی درێژخایەن و وردی حیزب کاریگەریی زۆری هەبێ. بە ڕای من باشترە کونگرەی شازدە، بەشێکی زۆری کار و سیاسەتەکانی خۆی تەرخان بکا بۆ ڕێکخستن ونەزمی حیزبی لە نێوخۆی حیزب ودۆزینەوەی ڕێگەچارەکان بۆ کێشەکانی ئێستای حیزب. بۆ نموونە ڕۆژەڤ بوون و ئاگاداری حیزب لە ئاستی سەرەوە هەتا خوار بەنیسبەت هەلومەرجی نێوخۆ یەکجار پێویستە و ئەمەش بە دی نایەت مەگەر بە ڕێکخستن وپلان دانانی توکمە. دوورکەوتنەوە و بێ خەبەریی بەشێکی زۆر لە ڕێبەری حیزب بە نیسبەت دوخی فەرهەنگی، سیاسی و ئابووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وایکردوە کە ئامادەبوونی حیزب لە پرسەکانی نێوخۆ زۆر پڕرەنگ نەبێ. باشتر وایە دەرەتان بدرێ بەو کەسانەی کە دەنگیان لە دەرەوە ناسراوترە و زیاتر ئاگاداری ڕەوشی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتن. بۆ کاریگەری زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە تەشکیلاتی حیزب بەرۆژ بکرێتەوە. هەروەها پێویستە بۆ کاری گرووهی هەوڵ بدرێ واتە کارگرووە بۆ باسگەلی جۆراوجۆر پێکبێ و دەرنجامەکانی وەک بەرچاوروونی بدرێت بە وتەبێژ و ڕێبەری حیزب. بە کاراتر کردنی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی و دانانی چەند بەشی ڕاوێژکاری وەکوو ڕاوێژکاری سیاسی وفەرهەنگی ئیگجار پێویستە. هەوڵ بدرێ کە ڕاگەیاندن لە ژێر ڕکێفی حیزبی بێتە دەرێ و ڕاگەیاندن بتوانێت دەست ئاوالاتر کارەکانی خۆی بکات.



**هەیاس کاردۆ**

بە بڕوای من ئەم باسانەی خوارەوە زۆر زەروورن و کۆنگرە لە سەریەتی گرینکییان پێ بدا.

یەکەم، چۆنیەتیی خۆ ڕزگار کردن لە حاڵەتی چەقبەستوویە لە کۆیە و کردنەوەی کاناڵێکی لە بار بۆ حزووری دایمی لە ڕۆژهەڵات. دووهەم، دامەزرانی پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی وەک تورکیە بۆ پشتیوانیی ماڵی و نیزامی و کردنەوەی سنوور. سێهەم، گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکانی کۆنگرەی ١٤ سەبارەت بە گرینگیدان بە درووشمە نەتەوەییەکان چوارەم، خۆ ساغ کردنەوە کە داخوا دەمانەوێ چۆن دەگەڵ حدکا یەک بگرینەوە. تێکەڵ دەبینەوە یان دەچینەوە؟ پێنجەم، مەسەلەی دوو دەورەیی سکرتێر کە بە باوەڕی من لە جێی خۆی بمێنێتەوە.



**هاشم ڕۆستەمی**

بێ گومان کۆنگرە دەبێ ئاورێک بداتەوە لەو ئاڵو گۆڕانەی کە لە نیوان کۆنگرەی ١٥ و ١٦ دا، لە ئاستی نێونەتەویی و ناوچەیی و بە تایبەت لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویان داوە. لە بواری نێونەتەوییدا دەبێ سەرنج بدرێتە ئەوە کە بۆ جارێکی دیکەش هاوکێشە سیاسی و ئابوریەکانی جیهان گۆرانیان بە سەردا هاتووە. لەم چەند ساڵەدا بە کردەوە دەر کەوت کە بە پێچەوانەی ئەو پرۆپاگەندە بەربلاوەی کە دەکرا، ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا، نەیتوانیوە یەک لاکەرەوەی کێشەکان بێ. بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینین کە چین و ڕوسیەش ڕۆڵی زۆریان هەبووە. ئەم ڕۆلە هەم لە پێوەندی لە گەڵ ئێراندا و هەم لە پێوەندی لەگەڵ سوریەدا بە زەقی خۆی نواندوە. لە ڕاستیدا کەم کەس هەیە کە نەزانێ ئەوە پشتیوانی ڕوسیە بوو کە نەیهێشتووە تا ئێستا حکومەتی بەشار ئەسەد بروخێ. ئەوەی زۆرتر جێگەی سەرنجە و دەبێ حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ ئەوەیە کە ئەم بلۆک بەندیە لە سەر هێز و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش شوێندانەر بووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان، دەبینین کە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بە سەر دوو بەرەدا دابەش بوون. ئەمەش جگە لەوەی کە نەدەبوو کورد خۆی لە بەرەیەکدابایە کە ئێران و سوریەی تێدان، ئەم دابەش بوونە هێز و توانای کوردیش بە نیسبەت یەک گووتاریەوە تووشی زەحمەتی زیاتر دەکات. شەڕی داعش و ئاکامەکانی، هەروەها ئەو گەشە کردنەی چالاکانی نێو خۆی ڕۆژهەڵات پێویستە لە باسەکانی ئەم کۆنگرەیە بن.



**ڕەزا محەممەد ئەمینی**

بەباوەری من چوار خاڵی سەرەکی هەن کە دەکرێ وەک گرنگترین خاڵەکانی ناو کۆنگرە قسەیان لێوەبکرێ.

١- چۆنیەتی ئەکتیڤ کردنەوەی چالاکیەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و ڕێگاکانی پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و شێوەکانی شوێندانەر بوون لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆ.

٢- ڕێکخستنەوە و سازماندانی دووبارەی پەیکەرەی حیزب لە باشووری کوردستان، بەپێی ئیمکاناتی «مەوجوود» و وەلانانی شێوە سوونەتی‌یەکانی ئیدارەی حیزب، «مۆدێرن» کردنەوە، هەروەها کەڵکوەرگرتنی شیاو لە کادرو پێشمەرگەکانی پێشووی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەشدارکردنیان لە هەڵسووڕاندنی کارو باری حیزب لەنێو حیزب دا و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان.

٣- دۆزینەوەی سەرچاوەکانی داهات و دوورکەوتنەوە لە وابەستە بوون بە حکومەت و حیزبەکانی باشوور.

٤- دانانی نەخشەرێیەکی گونجاو بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەوری دیمۆکرات و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو و پتەو لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# ویکی لیکس: ئێران گەورەترین قاچاغچیی ماددەی هۆشبەرە لە ئاستی جیهاندا

**کوردستان**

بەپێی ئەم بەڵگانەی کە لە بەر دەستی ویکی لیکس دان، دەرکەوتوە کە ئێران بە گەورەترین قاچاغچیی مادەی هۆشبەر لە جیهان‌دا دادەنرێ.

بەپێی زانیاری‌یەکان ئەم وڵاتە بە بەردەوامی هەوڵی ناردنی بەربڵاوی مادە هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی عەرەبی‌و وڵاتانی دیکەی دەدا.

ویکی لیکس هەروەها دەڵێ کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی سپای پاسداران دەستیان لە عەمەلیاتی قاچاغی مادەی هۆشبەر دایەو بەپێی تێلێگرامێکی نهێنی کە لە ڕێکەوتی ١٢ی ژوئەنی ٢٠٠٩ لە باڵوێزخانەی ئامریکا لە باکوڕا نێردراوە، دەرکەوتوە کە ڕێژەی ئەم بارە هێرۆئینانەی کە لە ئێرانەوە بۆ ئازەربایجان نێردراون لە ساڵی ٢٠٠٦دا تەنیا ٢٠ کیلۆ بووە، بەڵام تەنیا لە ٣ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە ٥٩ تۆن.

لەم تێلێگرامەدا هەروەها هاتووە کە بەپێی ڕاپۆرتە نهێنی‌یەکانی پشکێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم پەروەندەیە ئامادە کراوە، ئازەربایجان یەکێک لە ڕێگە سەرەکی‌یەکانی قاچاغی ئەم هێرۆئینەیە کە لە تریاکی ئەفغانستان بەرهەم هاتووەو بۆ ئورووپا دەنێردرێ.

ئێران وەک گەورەترین کڕیاری تریاکی ئەفغانستان‌و یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی هێرۆئین لە جیهان دایە. بە قسەی دیپلۆماتە ئامریکایی‌یەکان سەدی ٩٥ی هێرۆئینی ئازەربایجان لە ئێران‌ڕا دابین دەکرێ. هەر بە پێی ئەم تێلێگرامە دیپلۆماتیکەی کە ڕێکەوتی ٢٦ی سیپتامبری ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتەوە، ئەوە هەمان ئەم هێرۆئینەیە کە لە ئازەربایجانەوە بەڕێی وڵاتانی ئورووپایی دەکرێ.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە تێلێگرامێکی دیکە لە ڕێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتەوە کە لە گرووپی بەڵگەنامە نهێنی‌یەکان‌دا ڕیزبەندی کراوە. لەم تێلێگرامەدا ئاماژە بە قسەکانی خەلەف خەلفووف، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئازەربایجان کراوە. ناوبراو گوتوویەتی: «دام و دەزگا ئەمنیەتی‌یەکان لە ئێران بەرپرسیی سەرەکیی عەمەلیاتی قاچاغی مادوەی هۆشبەرن‌و



ئەم قاچاغچی‌یانەی کە لە لایەن کاربەدەستانی ئازەربایجانەوە گیراون‌و ڕادەستی ئێران دەکرێنەوە، پاش ماوەیەکی کەم دەسبەجێ لە زیندان ئازاد دەکرێن.»

کاربەدەستانی ئەفغانستان بە هاوتاکانی خۆیان لە ئازەربایجان ڕاگەیاندوە کە کاربەدەستانی ئەمنیەتی لە ئێران هاوکاریی قاچاغچی‌یەکان دەکەن. بەپێی تێلێگرامە بڵاو کراوەکانی ویکی لیکس بەرپرسانی ئازەربایجان دەڵێن کە بۆیان دەرکەوتوە کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دەزگای ئەمنیەتیی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەستیان لە کڕینی تریاکو گۆڕینی بە هێرۆئین‌دا هەیە.

ئاماژەی ویکی لیکس بە دەست‌تێداهەبوونی ناوەندە ئەمنیەتی‌و نیزامییەکانی ئێران لە قاچاغی ماددەی هۆشبەر لە حاڵێک دایە کە لە نێوخۆی ئێرانیش کێشەی مادده هۆشبەرکان‌و ئێعتیاد بە خەسارێکی زۆری گرینگی کۆمەڵایەتی دادەنرێ.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پەرەسەندنی ئێعتیاد بۆتە قەیرانێکی گەورە لە ئێران‌و هەرچەند کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندوە کە ئاماری موعتادەکانی ئەم وڵاتە ١ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە، بەڵام بەپێی ئاماری سەرچاوە سەربەخۆکان دەرکەوتوە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لەم وڵاتە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوون.

هەروەها سەدی ١٠ی موعتادەکانی ئێران لە ژنان پێک هاتووەو بە قسەی کاربەدەستانی ڕێکخراوی بێهزیستی، تەمەنی تووش‌بوون بەم مادانە لە ئێران گەیشتۆتە ١١ ساڵ.



# عەرەبستان و ئێران دوو ڕەقیب یان دوژمنی یەکتر!



ئاگری باڵەکی

لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە بە شۆڕشی ئیسلامی ناودێر کرا، دوو داواکاری سەرۆکایەتی جیهانی ئیسلام، یەکیان شیعە و یەکیان سوننە؛ دوو هێزی گەورەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست هەروەها دوو بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی جیهان، یەکیان دوژمنی ئەمریکا و ئەویتریان دۆستی ئەمریکا واتا ئێران و عەرەبستان، پەیوەندییەکانی نێوانیان توشی کێشە و گرفت هات.

**شەڕی عێراق و ئێران**

شەری نێوان ئێران و عێراق کێشەکانی قوڵترکردەوە، کاتێک لە ساڵی ١٣٥٩ عێراق شەری دژی ئێران ڕاگەیاند و بەدرێژایی ٨ ساڵ شەرێکی ماڵوێرانکەر ناوچەکەیی گرتەوە، بەدرێژایی ئەو ٨ ساڵە عەرەبستان وەک هاوپەیمان هەم لەبواری ماڵی و هەم وەک پشتیوانی سەرەکی لەگەڵ عێراق بوو دژ بە ئێران.

کاتێک کە لە کۆتاییەکانی شەر واتە لە ڕێکەوتی٩ی گەلاوێژی ١٣٦٦ پۆلیسی عەرەبستان هێرشێکی بەرینی کرد بۆسەر حەجاجی ئێرانی کە زۆربەیان شیعە مەزهەب بوون و خۆپێشاندانیان کردبوو دژی عێراق و هاوپەیمانەکانی و لەئاکامدا ٢٧٥ حاجی ئێرانی بوونە قوربانی، ئەو ڕووداوە کێشەی نێوان ئێران و عەرەبستانی گەیاندە لوتکە.

بەڵام چەند ساڵ داوی شەری ئێران و عێراق و لەساڵی ١٣٧٠ حکومەتی ئەوکاتی سەدام حوسێن هێرشی کردەسەر کوەیت و داگیری کرد و داوی ئەو کارە هەڕەشەی لە عەرەبستانیش کرد کە دەست بەسەر ئەوێش‌دا دادەگرێ، هەر لەم کاتەدا بوو کە ئەو هێرشانە جێگای دۆست و دوژمنی گۆریی، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی کەمێک باشتر کرد، ئەگەر تا ئەوکات عەرەبستان لە دژی ئێران بوو لەدوای شەری کوەیت پەیوەندییەکانی عەرەبستان و ئێران کەمێک بەرەو باشتر چوو .

**دوای ساڵی ١٣٧٦ و سەردەمی خاتەمی**

کاتێک کە محەمەدی خاتەمی لە ساڵی١٣٧٦ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران، پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر چوو، چونکە خاتەمی و حکومەتەکەی بەدوای ئەوەدا بوون کە لە ناوچەکەدا دۆستانی ئێران زیاد بکەن و دوژمنانی کەم کەنەوە، لەو سەردەمەی کە خاتەمی هاتە سەر کار، لە عەرەبستانیش شاە عەبدوڵڵا ئیبن عەزیزش دەسەڵاتی گرتە دەست، لەو سات و وەختەدا واتە ساڵی ١٣٧٧ نرخی نەوت لە خوارەوە بوو و ڕێکخراوی ئۆپێک لەقەیران دابوو، هەربۆیە عەرەبستان و ئێران دەستیان کرد بە هاوکاری و چەند کاری هاوبەشیان پێکەوە کرد کە لەوانە کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت و هەناردەکردنی، دیاری کردنی نرخی نەوتی خاو و بردنەسەری بەهای نەوت بوو. ئەو کارانە وایکرد کە هەردوولا زیاتر لە جاران بیری ئیدۆلۆژیکی خۆیان وەلاناو چاویان بڕیە ئابووری، تا کار گەیشتە ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیمانی ئەمنیەتیشیان پێکەوە بەست.

**ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن**

دوای ڕووخانی حکومەتی سەدام حوسێن لە عێراق بە دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوکێشەیی پەیوەندییەکانی عەرەبستان و ئێران دووبارە گۆڕانی بەسەر داهات، بەتایبەتی لەکاتی ڕووخانی سەدام حوسێن دا لە ئێران کەسێکی توندرەوی وەک ئەحمەدی نژاد لەسەر کار بوو، هەربۆیە سوپا و دامەزراوەکانی دیکەی سەربازی دەستی باڵایان هەبوو لە دیاری کردنی سیاسەتی حکومەت، هەربۆیە لەسەرەتاوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام، ئێران و عەرەبستان بەشێوەی جیاواز هەوڵیان دا کە لە نەبوونی حکومەتێکی ناوەندی بە هێز لە وڵاتە، هەوڵ بدەن حکومەتێکی نزیک لە خۆیان لە عێراق‌دا بێننە سەر کار. ئەوان شەری تایفی و دینیان کردە گرینگترین چەک بۆ ئەوەی هەر کامیکیان هژموونی خۆی بسەپێنێ، ئاوری ئەو کارە تێکدەرانە وایکرد کە عێراق تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیتوانیوە ببێتەوە حکومەتێکی بەهێز. شەری نێوان عەرەبستانی سونی و ئێرانی شیعە گواستراوە بۆ گۆرەپانی عێراقێکی وێران، بێ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات دوای سەدام حوسێن، عێراقی کردە گۆرەپانی دەسەڵاتخوازی هێزە ناوچەیەکان، عەرەبستان ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە سوننییەکانی عێراق کرد و لە لایەکی تریشەوە ئێران لەهەوڵدا بوو کە هێزە شیعەکان دەسەڵاتی عێراق بگرنە دەست، ئەو شەرە ساردەی نێوان ئێران و عەرەبستان پەیوەندییەکانی نێوانیانی خراپترکرد.

**ئێران وەک هەرەشەیەک بۆ عەرەبستان**

زیادبوونی نیگەرانی جیهانی لە بەرنامەیی ئەتۆمی ئێران، کێشەیەکی تری نێوان عەرەبستان و ئێران بوو. نیگەرانیەکانی عەرەبستان بە ئەندازەیەک بوو کە چەند جار شای عەرەبستان داوی لە ئەمریکا کرد کە هێرش بۆ ئێران بکات ، ئەو داواکارییە نهێنیانە لەلایەن ماڵپەری ویکیلیکس کە بەشێکی زۆری بەڵگە نهێنییەکانی ٣٠ ساڵی رابردووی ئەمریکای ئاشکرا کرد بڵاوبۆوە. بەڵگەکان باسیان لەوەکردبوو کە سەفیری ئەمریکا لە عەرەبستان بە واشنگتۆنی ڕاگەیاندبوو کە پاشای عەرەبستان عەبدوڵلا عەبدولعەزیز چەندین جا داوای لێ کردوە کە ئەمریکا دەبێ هێرش بکات بۆ ئێرانو، بە گوتەی ئەو، سەری ئەژدیها لێبکاتەوە.

**بەهاری عەرەبی**

دەستپێکردنی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەکانی نێوان عەرەبستان و ئێرانی قوڵتر کردەوە، پشتیوانی سەربازی حکومەتی عەرەبستان لە دەسەلات دارانی بەحرەین لەکاتی بەربەرەکانی دەگەڵ نارەزایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا و هەروەها پشتیوانی پێچەوانەی ئێران لە خەڵکی نارازی بەحرەین، کێشەکانی چەند هێندە قوڵتر کردەوە.

قەیرانی سوریەش بە نۆرەی خۆی کێشەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی بەرەو قووڵتر بوونەوە برد، لە سوریە بە پێچەوانەی بەحرێن ئێران بوو بە پارێزەری حکومەت، عەرەبستانیش بوو بە پارێزەی دژبەران. لە ڕاپەرینی خەڵکی نارازی بەحرەین کە زۆربەیان شیعە بوون ئێران پاڵپشتی دژبەرانی حکومەتی کرد و عەرەبستان پشتیوانی لە حکومەت کرد، بەڵام لە سوریە هاوکێشەکان پێچەوانەبوو.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری حەسەن روحانی و بەرنامەی تازەی بۆ سیاسەتی دەرەوە چاوەروان دەکرا کە پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر بچن، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەروانییەکان هیچ شتێکی نوێ ڕوی‌نەدا. هەرچەندە بەشێک لە سەران و سیاسەتمەداران لەوباوەڕەدا بوون کە حەسەنی روحانی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد فەرقی هەیە، بەڵام مەلیک عەبدوڵڵا باوەری وابوو کە هیچ لە هاوکێشەکان نەگۆڕاوە و تەنها دم و چاوەکان گۆڕاون و لە کۆتایی‌دا روحانی فارسە و شیعەیە، کەواتە چ فەرق دەکات.

دەستی هاوکاری ئێران و ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی کێشمەکێشەکان و چارەسەرکردنی قەیرانی ئەتۆمی بە بڕوای زۆربەی چاوەدێران، عەرەبستانیشی وەک ئیسرائیل نیگەران کردوە. لە ڕاستیدا عەرەبستان نیگەرانە لە گۆرانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و پێی‌وایە کە چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لەلایەن ڕۆژئاوا و ئەمریکاوە دەبێتە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ژێئۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتە.

**سەرهەڵدانی داعش**

سەرهەڵدانی داعش لە عێراق و پێشرەوی خێرا و خوێناوی ئەو گروپە نیگەرانی لە زیادبوونی کێشەی تایەفەکانی لە جاران زیاتر کرد. نوری مالکی سەرۆک وەزیری پێشووی شیعەی مەزهەبی عێراق و هاوپەیمانی ئێران، تاوانبارە بە پەراوێزکردنی سونیەکان لە عێراق و گەرمکردنی شەری تایفی لەو وڵاتەدا. دوای لاچوونی مالکی لەسەر دەسەڵات و هاتنە سەر کاری حەیدەر عبادی وەک کەسێکی میانەرەوی شیعە، ڕێگا هەموارتر بوو بۆ ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیوەندییەکانیان بەرەو باشتر بەرن.

دوای مالیکی، خەونەکانی ئێران لەعێراق بەرەو کزیی ڕۆیی، بەڵام سەرەرۆییەکانی گروپە توندرەوەکان جارێکی دیکە وایی کردەوە کە ئێران و عەرەبستان ببنەوە ئەکتەرێکی دیکەی عێراق، بەڵام ئەوجارە بە پێچەوانەوە هەردووکیان بۆ دژایەتی تیرۆر پێکەوە دەستیان کرد بەکار. ئەوە کە ئێران فکری دەکردەوە کە بەتەنیا دەتوانێ لە عێراق حوکم بکات پێچەوانە دەرچوو، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر عەرەبستان وەک ئەکتەرێکی سەرەکی ناوچەکە، چونکە ئێران خۆی لە ژێر هەرەشەدا بینیەوە. هەرچەند ئێستا هاوکێشەکان نارونن، بەڵام لەڕاستیدا شەڕەکە بۆتە شەڕی بەرەی شیعە و سوننە کە عەرەبستان وەک جەمسەری سوننە و ئێران وەک جەمسەری شیعە لە شەرێکی ساردی ناوچەیی ڕۆڵیان هەیە و لق و پۆپەکانیشیان لە شەرێکی گەرمی خوێناویی‌دا.

**نەوت و عەرەبستان**

مەیدانێکی تری کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئۆپێکە. لە کاتی ئێستادا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، ئێران لە ژێر فشار دایە، عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی ڕێژەی هەناردەی نەوتی خاویی خۆیان زیاد کردوە و ئەوەش وایکردوە کە نرخی نەوت دابەزێ. عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لەنێو ئۆپێک دەیانهەوێ بە زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و ناردنی بۆ بازار کەسری بودجەی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە . ئێران پێ وایە کە ئەوە پلانێکە دژی ئەو کە لەلایەن عەرەبستانەوە سەرپەرشتیاری دەکرێت.

**ئاکام:**

کاتێک کە حکومەت لە ئێران گۆڕاوە یان کێشە ناوچەیییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەر دوو وڵات، ئەوە پەیوەندی ئێران و عەرەبستان نزیک بوونەوەی بەخۆیەوە دەبینێت، دەنا عەرەبستان و ئێران دوو ڕەقیب و دوژمنی ژێر بەژێری یەکترن. زۆتر وەک دوو ڕەقیب دەبینرێن تا دوو ڕەفیق.

**بەڵام بۆ عەرەبستان هێندە گرینگە لەناوچەکەدا؟**

ــ عەرەبستان گەورەترین بەرهەم هێنەر و هەناردەکەری نەوتی دنیایە. ئەو وڵاتە ئێستا ڕۆژانە ٨ میلیۆن بۆشکە نەوت بەرهەم دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبستان زۆرترین عەنباری ژێر زەوی نەوتی خاوی هەیە لە جیهاندا .

- عەرەبستان بە ئەکسەریەتی سوننی، ئەکتەرێکی دیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەراستە.

- عەرەبستان لانکەی لەدایک بوونی ئیسلامی وەهابی( ئیسلامی توندرەو) دادەنرێت، لە گرینگترین پەرەستگاکانی جیهانی موسولمانان لە عەرەبستانە( مەککە و مەدینە).

-بودجەی سەربازی عەرەبستان ئەوەندە زۆرە کە عەرەبستانی بردۆتە ریزی چوارەم لە جیهاندا. لە ریزبەندەکەدا ئەمریکا یەکەم و روسیە دووەم و چین سێیەم جێگایان گرتووە. لەلایەکی دیکەوە عەرەبستان یەکێکە لە هاوپەیمانە گرینگەکانی جیهانی ڕۆژئاوا. بودجەی سەربازی عەرەبستان ٦٠ میلیارد دۆلارە کە بەبەراورد لەگەڵ ئێران‌دا، ١٠ بەرامبەر زیاترە.

# هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری: ئەوپەڕی گاڵتە بە هەڵبژاردن و بە دەنگی خەڵک!



تاهیر قاسمی

هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خولی پێنجەمی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، ڕۆژی ٧ی ڕەشەممەی ١٣٩٤، بۆ یەکەمجار لە مێژووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەی هاوکات بەڕێوە دەچن. ئەوەش وای کردوە کە بەربژێرەکانی پاڵێوراو لە پاڵوێنەی شورای نیگەهبان و کاردانەوەکان بە ڕەدی سەڵاحیەتەکانی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، کەمتر بکەونە بەر سەرنج و چاوەدێرانی سیاسی زیاتر روانینی خۆیان لە سەر ڕەوتی هەڵبژاردنی مەجلیس چڕ کردۆتەوە. هەم بەو هۆیە و هەمیش لە بەر ئەوە کە مەجلیسی خوبرەگان هەتا ئێستا زیاتر مەجلیسێکی تەشریفاتی و بە جێی چاوەدێری بە سەر کردەوەکانی ڕێبەر، زیاتر گوێڕایەڵی وەلی فەقیه بووە، کەمتر بە گرینگ زاندراوە. بەڵام بەو شیمانەیە کە ڕەنگە مەرگی عەلی خامنەیی بکەوێتە مەودای کاری ئەم دەورەی مەجلیسی خوبرەگان کە بڕیارە ڕۆژی ٧ی ڕەشەممە هاوکات لە گەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی، هەڵبژێردرێ، گرینگایەتی زیاتری بەم هەڵبژاردنە داوە. بەڵام بەو حاڵەش نەبوونی ڕێژەی کاندیدای پێویست بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن لە چەند پارێزگا، دەنگی خەڵکی بێ واتا کردوەو روخساری گاڵتەجاڕانەی بەم هەڵبژاردنانە داوە. لەم بارەوە ئەم چەند خاڵە جێی سەرنجن:

١- ٨٦لە سەدی ئەو کەسانەی بۆ کاندیداتۆریی مەجلیسی خوبرەگان خۆیان ناونووس کردبوو، لە لایەن شورای نیگەهبانەوە ڕەد کردەوە. لە ناویشیاندا ڕەدکراوەکانیشدا سەرجەم ئەو ژنانە دەبیندرێن کە بۆ شکاندنی ڕچە، بە ئامانجی بەشداریی یەکەمجاری ژنان لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگاندا، خۆیان ناونووس کردبوو.

٢- لە ٩ پارێزگای ئێراندا ڕادەی ئەو کاندیدایانەی کە لە فیلتەری شورای نیگەهبان تێپەڕیون، تەنیا دوو بەرامبەری کورسیەکانی ئەو پارێزگایە لە مەجلیسی خوبرەگانن. واتە بۆ هەر کورسیەک تەنیا ڕێگا بە کێبەرکێی ٢ کەس دراوە. هەر سێ پارێزگای ئیلام، کرماشان و سنە لە ریزی ئەم ٩ پارێزگایە دان. بۆ پڕ کردنەوەی ٢ کورسیی تایبەت بە هەر کام لە کرماشان و سنە لە مەجلیسی خوبرەگان، ئەوە تەنیا کێبەرکێ لە نێوان ٤ کاندیدا دا دەبێ ئەنجام دەدرێ. لە پارێزگای ئیلامیش دوو کاندیدا بۆ دانیشتن لە سەر کورسیەک کێبەرکێیانە.

٣- بەڵام ئەگەر لە حاڵەتی سەرەوەدا شانسی سەرکەوتنی هەر کاندیدێک ٥٠ لە ١٠٠ بێ، ئەوە لە ٩ پارێزگای دیکەدا، شانسی سەرکەوتنی هەر کاندیدێک تا ٨٦ لە سەدیش بەرز بۆتەوە. واتە بۆ هەر دوو کورسی، ٣ کاندیدا و تا ئاستێک کە بۆ ٦ کورسی تەنیا حەوت کاندیدا هەن. هەردوو پارێزگای هەمەدان و لوڕستان کە کوردەکان ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانیان پێک دێنن، لەو ریزە دان.

٤- بەڵام لەوانەش سەیرتر لە ٦ پارێزگادا ڕادەی کاندیداکان و ڕادەی کورسیەکان ڕێک بەرامبەرن. بەو واتایە کە بۆ هەر کورسیەک تاکە یەک کاندیدا هەیە. بەوەش تەنانەت ئەگەر لە ئاستی پارێزگادا تاکە یەک دەنگ بدرێ و نەدرێ، یان هەڵبژاردن بکرێ و نەکرێ، ئەوە سەرجەم کاندیداکان لە سەر کورسیی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دادەنیشن! پارێزگای خۆراسانی باکوور و پارێزگای ورمێ بە زۆرینەی حەشیمەتی کوردەوە، لە ریزی ئەم ٦ پارێزگایەی دوایی دان. لە پارێزگای خۆراسانی باکوور ١ کەس بۆ ١ کورسی و لە پارێزگای ورمێ ٣ کەس بۆ ٣ کورسی کاندیدا کراون.

٥- ئەو ئامارانە یەک لە هۆکارە سەرەکی بەڵام دان پێدا نەنراوەکانی تێکهەڵکێش کردنی هەردوو هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بۆ ئەم دەورەمان بۆ روون دەکەنەوە. واتە جگە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، ڕادەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی دەوری دوو، سێ و چوار دا بە ڕادەیەک کەم و هەڵبژاردن ئەوەندە سارد و سڕ بوو کە دەسەڵات ناچار بوو ئەم بە ناو هەڵبژاردنە لە پەنا هەڵبژاردنی مەجلیسدا بەڕێوە ببا.

٦- لە هەمووی ئەوانە گاڵتەجاڕتر ئەگەرچی کوردان زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای ورمێ پێک دێنن، بەڵام شورای نیگەهبان ئەمجارەش مەودای بە هیچ کاندیدێکی کورد نەدا تا لەو بە ناو هەڵبژاردنەدا بەشدار بن. بەوەش دوای ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگاندا کە دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنگی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو پارێزگایەی دەستەبەر کرد، تا ئێستا کە ئەوە پێنجەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگان بەڕێوە دەچێ، لە هیچکام لە خولەکانی دیکەی ئەو هەڵبژاردنەدا، دەرفەت بە کوردەکان و تەنانەت بە پیاوانی ئاییینی کورد و سوننە مەزهەب لەو پارێزگایە نەدراوە خۆیان کاندیدا بکەن.

کوردستان
ژمارە: ٦٧٣
١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤
٦ی فێوریەی ٢٠١٦

# ئەدەب و هونەر

## قوربانی تۆزی ڕێگەتم




قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش‌مروور /
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
وا دیارە نالی (١٨٠٠ –١٨٥٦ )، دوای ڕووخانی حکوومەتی بابان (١٨٥٠ – ١٨٥١ ) بەدەست تورکانی عوسمانی، سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕووی لە نیشتمانی وەرگێڕاوە و بۆتە پەڕەوازەی هەندەران. نالی وەختایەک لە سولەیمانیی پایتەختی بابان وەدەرکەوتووە، وەک شارێکی خۆش و ئاوەدان وەسفی کردووە، بەڵام لە چامە بەناوبانگەکەی‌دا بە گومانێکی مەیلەوڕوون باسی گۆڕانی بارودۆخەکە دەکا. شاعیر کاتێک خۆشی و جوانییەکانی سولەیمانی دەخاتە بەرچاو، لەڕێوە بە دیوەکەی دیکەی‌دا گۆڕان و ئاوەژووبوونەوەی هەل‌ومەرجەکە دەکاتە پرسیار. لە ڕووی شێوەی پرسیارەکانەوە ڕوون دەبێتەوە کە نالی چاکی دەسەڵاتی تورکانی داگیرکەر ناسیوە و بەپێی وڵامەکەی سالم(١٨٠٥–١٨٦٩)، سەرجەمی نوخشانە و بۆچوونەکانی ڕاست و بێ‌گرێ بوون. شاعیر زانیویەتی کە خەڵک چۆن گیرۆدە بوون و دەسەڵاتی عوسمانی و جل‌خوار و بەکرێ‌گیراوانیان چلۆن تەنگیان‌پێ‌هەڵچنیون و تەنگەتاویان کردوون؛ کەوایە هەر ئەم خەمەیە لە شامەوە دەروونی دەکوڵێنێ و بە ڕێی هەرێمی هۆنراوەدا بازی پێ داوێتەوە نیشتمانی. لەم بازوبردەدا نالی دیسانیش بە هیوای دۆزرانەوەی ڕۆچنەی هیوایەکە و ئاوا چامەکەی دادەکووژێنێ:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور
ئایا مەجالی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی‌سوور؟!
حاڵی بکە بە خۆفییە کە ئەی یاری سەنگدڵ
نالی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور !

کاتێک سالم ئەم شێعرەی نالیی دەگاتە دەستی، وڵامی دەداتەوە و ئاوا چامەیەک دادەگیرسێنێ:

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر/
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر !/

پەژارەی سالمی دەسبەسەر لەچاو غەمی غوربەتی نالیی دەربەدەر چەند هێندەیە، چونکە بە عەقڵ و گیان هەست بە زوڵمی تورکانی عوسمانی دەکا و زۆر بەوردی هەل‌ومەرجی تاڵ و ناخۆشی وڵاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە چی نالی بە خەیاڵی‌دا هاتووە، هەمووی بەئاشکرایی دەخاتە بەرچاوی. گەرچی سالم هەستی بە دەردی غەریبایەتیی نالی کردووە، بەڵام دیسانیش هانی نەهاتنەوەی دەدا و دەڵێ هەتا بارەکە نەگۆڕێ نەکەی تخوونی ئێرە بکەوییەوە و ئاوا وڵامەکەی خۆی دادەکووژێنێ:

تۆ خودا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم/
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانییا گوزەر/
سالم‌سیفەت لە بێ‌کەسییا با نەبێ هیلاک/
من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر/
ئەم موڵکە نەزمی نابێ بەبێ زەبتی واریسی/
بێ‌ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر/

نالی هەر وا دەکا و بەداخەوە لە ئیستانبوولْ سەر دەنێتەوە!
گۆران(١٩٠٤–١٩٦٢) کاتێک یادی سالم دەکا و بە خەمەکانی‌دا دێتە خوار، لەڕێوە ئەو چامەیەی دێتەوە یاد کە لە وڵامی نالی‌دا نووسیویەتی و دەڵێ:

وتت بە حەزرەتی نالی، ڕەفیقی دەربەدەرت/
خەیاڵی عەودەتی موڵکی ئەسیر نەخەیتە سەرت!/
زەلیلی نەجم و هیلالە، شەوە سولەیمانی/
غرووبی کردووە ڕۆژی شکۆهی بابانی!/

گۆران کە باسی «نەجم و هیلال» دەکا، مەبەستی ئاڵای تورکانە کە «ئەستێرە و مانگ»ی لەسەرە و دەڵێ لە سایەی تورکانەوە هەر شەوە و ڕۆژ دانایە و دەسەڵاتی باوکانی خۆمان، واتە بابانەکان ناگەڕێتەوە جێی جارانی!
لە ڕاستی‌دا مەبەستم لە شەن‌کردنەوەی ئەم بابەتانە، بادانەوەیە بۆ سەر بیر و هەستی تەواوی ئەو ئادەمیزادانە کەوا تەرە بوون لە نیشتمانی خۆیان و هیچ دەروویەک شک نابەن بۆ گەڕانەوە. زۆر ناخۆشە کەسانێک لەم دنیایەدا بگەنە ئاکامێکی ئاوا تاڵ و بڵێن:

خەیاڵی عەودەتی موڵکی ئەسیر نەخەیتە سەرت !

ئەم هەستی یەخسیربوونە، تەلی تاری شعووری شێعری بزاوتم و ڕووی دەمم دەکەمە ئادەمیزادێک کە خەیاڵی گەڕانەوەی نییە بۆ نیشتمانی، بەڵام وا نییە «ئەو لە کەلێک بێ و گەل لە شیوێک» .

موڵکی ئەسیر

دەزانم خۆ «خەیاڵی عەودەتی موڵکی ئەسیر ناکەی
دەزانم چارەنووسی ئێمەمانان قەت لە بیر ناکەی
دەزانی خۆ فریشتەش گەر هەموویان دەستەمۆ بووبان
بە فێڵ‌وفرتی شەیتانی بەرەو کێوان دەبوو چووبان
لەمێژ ساڵە ژیان گێژە لە نێو گێژاوی سەرسامی
بەجارێک مات و داماوە لە چنگ ئاکامی ناکامی
زەمان یەکسەر بە سەر شەودا بە قوڕ گیراوە چاوی من
بە چاوی دڵ وەرە بڕوانە ئاوێنەی هەناوی من
بزانە چۆن بە زووخاو ژەنگی هێناوە سەر و خواری
ترووسکەی لێ بڕاوە و زۆر دەترسێم هیچ نەکا چاری
دڵم کاولاشەکۆنێکە، کەچی خۆم نەمدەویست وابێ
لە سایەی کوندی بێ‌فەڕ سەربەسەر تاریکی لێ دابێ
بەهیوا بووم کە هێندەی پێ‌نەچێ ئەم دەورودووکانە
کەچی فکرێکی ڕەش هات و گوتی کوا ڕوو لە پووکانە؟!
لە چنگ ئەم دیدە تاریکە ڕوحم هاواری لێ هەستا
وەکوو زنجیرپسێن ڕۆیی و لە مەیدانی ژیان وەستا
گوتی»موڵکی ئەسیر» ئاسۆی لە پشت هەورانەوە ڕوونە
«هەور هەر چەندە پڕ بێ» چارەنووسی هەر بەسەرچوونە

لە لاپەڕەی تلێگرامی «سەلاحەددین ئاشتی» وەرگیراوە



## مانگی من

ئاخ هەتا کەی مانگی کورد ون بێ بە بن هەورانەوە
شك نەبەم درزێکی ڕوون ڕۆژێك بە ڕووی ئاسمانەوە
سەیری مێژوو کە، ببینە داستانی ژینی من
پڕ لە کێشە و کارەساتە و کەوتن و هەستانەوە
ژانی کۆبانێ لە ڕۆژاوای وڵاتی لەتلەتم
زامی دێرسیم و هەڵەبجە و قارنێی پێ‌کولانەوە
کێ وەکوو من شار و دێی سووتان و کۆمەڵکوژ کرا
دەنگی ئەنفالبووانم ئێستاش دێ لە توێی هەرمانەوە
زۆر کەڕەت ویستیان لە ڕیشەم دەن، پەل و پۆم هەڵبڕن
هەر پەلم هاویشت و ڕیشاژۆم بە کەس نەبڕانەوە
هەرچی هانام بردە بەر دادپەروەری و مافی مرۆڤ
نەمدی قەت جارێك بەڕاستی یارمەتی و کاردانەوە
«هرکسی از ظن خود شد یار من» باسی منە
زۆر زیانم دی بە ناوی «یارمەتیی دۆستانە» وە
هەرچی دێ بیر و مەبەستی بەرژەوەندیی خۆیەتی
گشت بە زلهێز، سووکەهێز، ناوچە و دەروجیرانەوە
مانگی من تا ئێستە جارێکیش لە لایەك هەڵنەهات
خێڵ بوو چاوم، هێندی بڕوانم بە سەر شاخانەوە
ئێستە وەختێتی لە هەر چوار لاوە خۆرم بێتە دەر
شۆقی بترووسکی بە سەر چوار کەرتی کوردستانەوە
یەك وڵات، یەك خۆر و یەك ئاڵام دەوێ گەر لێم‌گەڕێن
بەسیەتی، مردم بە دەست کەمتەرخەمیی خزمانەوە
بەختی کورد ئەمڕۆ گەشە و گەر ناتەبایی لێ‌گەڕێ
ڕۆژی سەرکەوتن دەبینم، دوور نیە لێمانەوە

مامۆستا ئاشق

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 673 2 Feb 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەڕێوەچوونی کۆڕی رەخنەو لێکدانەوەی شێعرەکانی سێ شاعیری لاوی بۆکانی

ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیدا کۆڕی رەخنەو لێکدانەوەی شێعرەکانی سێ شاعیری لاوی بۆکانی بەڕێوە برد.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان ئەو کۆڕە ئەدەبییە کە رۆژی شەممە، ١٠ی ڕێبەندان گیرا، بۆ ڕەخنەو لێکدانەوەی بەرهەمە شێعرییەکانی کەماڵ کەریمی، موحسین مستەفازادەو محەمەد رەسووڵی تەرخان کرابوو کە تێیدا ئەمجەد غوڵامی و کەماڵ حاجیمحەمەدی وەک رەخنەگر بەشدار بوون.

لە کۆڕەدا سەرەتا ئەو سێ شاعیرە لاوە چەند تێکستێکی شێعریی خۆیان خوێندەوەو دوایە ئەمجەد غوڵامی، توێژەرو ڕەخنەگری ئەدەبی دوای ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی شێعری جیهانیو هەروەها شێعری کوردی، باسی لە جۆرێک سادەنووسی کرد کە ئەمڕۆ بە هۆی سازبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشەی سەندووە. ئەو پێی وابوو ئەو ئەزموونە شیعرییە ئەگەرچی لە عامەی خەڵکدا بەردەنگێکی زۆری هەیە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لە کەرەسەو ئیمکاناتی شێعریو بە تایبەت شێعری پێش خۆی بە شێوەکی رادیکاڵ دادەبڕێ. ئەمجەد غوڵامی هۆکاری ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەم شێوە شێعرەدا ئەندێشە دەورێکی ئەوتۆ نابینیو زەینی بەردەنگ رووبەرووی گەڕانەوە فکرییەکانی پێش خۆیو ئێستا نابێتەوە. ناوبراو دواتر بابەتیانە لە سەر بەرهەمە شێعرییەکانی هەر سێ بەشداربووی کۆڕە دوا.

کەماڵ حاجیمحەمەدی، زمانناسو شاعیر، کۆڕگێڕێکی



دیکەی ئەو کۆڕە باسێکی کورتی لەسەر چۆنیەتی دیالۆگ کردن لەگەڵ دەق کردو لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هەندێک خاڵ کرد. ئەو دواتر پەڕژایە سەر شێعری ئەو سێ شاعیرەو گوتی پێکهاتە لەو شێعرانەدا پێکهاتەیەکی هێڵییەو بە ئاراستە جیاجیاکاندا نارِوا. حاجیمحەمەدی ئەو ئەزموونەی بە ئەزموونێکی تەجروبی ناوبردو گوتیشی ئەگەر ئەو شاعیرە لاوانە ئێلێمانەکانی دەقی شێعری زێدەتر بناسنو لەو ناکۆکییە کە لەگەڵ یەک هەیانە بیهێننە دەر، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا سەرکەوتوو دەبن.

دوایین بەشی بەرنامەکەش تێبینیو سەرنجی ئامادەبووان لەسەر وتاری ئەو دوو وتاربێژەو مشتومڕ لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بەو کۆڕە ئەدەبییە بوو.

## ڕەخنەی یەدوڵڵا محەممەدی لەبابەت سانسۆڕکرانی لە دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا

یەدوڵڵا محەممەدی، هونەرمەندی ناوداری کورد لە بواری مۆسیقادا ڕەخنەی توندی لە دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە سانسۆڕی خۆیو بەرهەمەکانی گرتوە.

یەدوڵڵا محەممەدی، هونەرمەندی دەنگخۆشو ناوداری کورد لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن کۆمەڵێک لە هونەرمەندانو ئەندامانی ئەنجومەنی خەڵکیی ڕێزلێنان لە بلیمەتەکانی کوردستان ڕێزی لێگیرا.

یەحیا سەمەدی، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجوومەنی ڕێزلێنان لە بلیمەتەکانی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی: ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی مامۆستا یەدوڵڵا محەممەدی کۆبووینەتەوە تا وەبیر خۆیو بنەماڵەکەی بێنینەوە کە ئەو هەمیشە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوەو بە چاکی ناوی دەمێنێ.

ئەو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری ژیانی هیندێک لە هونەرمەندانی بەڕابردووی کوردی لە کۆمەڵگادا کردو ڕەخنەی توندی کاربەدەستان سەبارەت بەو کەمتەرخەمییانە گرت کە لەلایەن ئەوانەوە دەرحەق بەو هونەرمەندانە دەکرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سەردانو دیدارەدا هونەرمەند یەدوڵڵا محەممەدی ڕەخنەی لە بارودۆخی ژیانی دوای ساڵانێکی زۆر خزمەتی بواری هونەر کرد. ئەو لەو پێوەندییەدا ڕەخنەی توندی لە دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە شەبەکەی ئوستانیی سنە لەبابەت بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانی کردو گوتی: ئەمن دەیان ساڵ خزمەتی گۆرانیی کوردیم کردوە، بەڵام دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بەبێ هۆ بەرهەمەکانی منی سانسۆڕ کردوەو گۆرانییەکانم بەبێ دەنگی من بڵاو دەکاتەوەو



ئەوەش بە سووکایەتی بە خۆمو هونەرەکەم دەزانم.

یەدوڵڵا محەممەدی ساڵی ١٣٣٥ لە شاری سنە لە دایک بوو، ئەو لە قوتابخانەی مامۆستایانی گەورەی کورد وەک حەسەن کامکار، کەساییو تەڕەقی پەروەردە بووەو لەگەڵ هونەرمەندانی وەک مامۆستا حەسەن زیرەکو مامۆستا مەزهەر خالقی هاوچەرخ بووەو ٧٨ بەرهەمی تۆمارکراو لەگەڵ ئۆرکێسترای لە کارنامەی خۆیدا هەیە.

## بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی ئوستاد موراد‌ی لە کرماشان

کۆنسێرتی مامۆستا ئەکبەر مورادی لە پێشوازی بێ وێنەی خەڵکی شاری کرماشاندا بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد، رۆژی سێ شەممە ٦ی ڕێبەندان کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند مامۆستا ئەکبەر مورادی لە تالاری "انتظاری" شاری کرماشان بە بەشداری هۆگرانی تەنبوورو زۆر کەسایەتی ناسراوی ئەو شارە بەڕێوە چوو.

عەلی ئەکبەر مرادی، ژەنیاری بەناوبانگی خەڵکی کرماشانە و لە میراتگرانی موسیقیی تەنبوور لە کوردستان و ئێرانو جیهانە. ئەو لە ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی ڕا دەستی بە کۆکردنەوەی مەقامە کۆنەکانی تەنبوور کردوە و ئەو ٧٢ مەقامە ساڵانێک لەوە پێش لەلایەن ماڵی فەرهەنگە جیهانییەان لە پاریس لە ٤ CDی دا بڵاو کرانەوە.

گۆڤاری sing line ئەوی لە ڕیزی ٥٠ ژەنیاری بەرز و



هەڵکەوتەی جیهان داناوە و نازناوی پلە یەکی هونەری جیهانیی بە ئەو بەخشیوە.

## بەر لە ماڵاوایی

## بەهەشتی کۆچبەران و دۆزەخی پەنابەران!



**مەنووچێهر پووردل**

دیاردەی کۆچ و پەنابەری هەرچەند یەک ئاکامیان بۆ مرۆڤی هەڵکەندراو لە زێدی خۆی هەیە، لە بنەڕەتڕا دەکرێ وەک دوو چەمکی جیاواز سەیر بکرێن. بەڵام بە گشتی کۆچ و پەنابەری مێژوویەکی نیزیک بە ٣٥٠٠ ساڵەیهەیە کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٣٠٠ی پێش زایین، رامسێسی دووهەم لە سیلسیلەی فیرعەونەکان،ئۆریتشۆپ پادشای هیتییەکانی پەنا دا کە لەلایەن مامی لە دەسەڵات وەلا نرابوو. هەروەها ئەم دیاردەیە لە مێژووی ئێرانیشدا نامۆ نیە، کاتێ کە تمیستۆکێلس گەورەسەرداری یۆنانییەکان لە سەردەمی هەخامەنیشیان و دەسەڵاتداریی ئەردەشیری یەکەم داوای پەنابەریی کرد و لە سەردەمی خەشایارشادا بوو بە یەکێک لە پلەبەرزترین کەسایەتییەکان بەتایبەتی لە شەڕی دەریایی سالامیسدا! لە دەقە ئایینییەکانیشدا وەک تەورات، ئینجیل و قورئان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی ئەم دیاردەیە کراوە: بۆوێنە خوا لە تەوراتدا بە مووسا دەفەرموێ کە شەش شار دەسنیشان بکا بۆ پەنابەران! لە ئینجیلیشدا خوا ئەمر بەعیسا دەکا لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوو لە میسر بکەن یان لە قورئاندا کۆچی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە ڕێک دێتە خانەی کۆچەوە.

دیارە زۆر نموونەی دیکە لە مێژوودا هەن کە دەکرێ ئاماژەیان پێبکرێ و لەسەردەمی ئێستاشدا بەتایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیە کۆچ بۆتە یەکێک لە سەرەکیترین رەهەندەکانی گلۆبالیزاسیۆن لە دنیادا. بێگومان لەم نێوەدا نەتەوەی کوردیش بە زۆر هۆکاری تایبەتی بۆ کۆچ و پەنابەری لە چاو نەتەوەکانی دیکە پشکی شێری بەرکەوتوە و ماڵ بە کۆڵی و ئاوارەیی هەر بەدووەوە بووە! بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە دەبێ لە نێوان کۆچبەر و پەنابەردا جیاوازییەکی جیددی قایل بین. کۆچبەر بریتییە لەو کەسە کە بە هۆکاری ئابووری و زیاتر بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی خۆشتر پەڕیوەی هەندەران دەبێ و مەترسیی گیانی لەسەر نیە. کەچی پەنابەران لە ترسی ئەشکەنجە و ئازاری دەسەڵاتی وڵاتی نیشتەجێبوونیان ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. بۆ کەسی پەنابەر هۆکاری ئەم دیاردەیە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر سازبوونی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواجار جێهێشتنی بەناچاری زێدی دایکو بە واتەیەکی کورت و بەپێی تاریفی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لەساڵی ١٩٥١ ئەوکەسەی لە زێدی خۆی بەهۆی هەبوونی بیرو ئایین و مەرامێکی تایبەت جا سیاسی بێ یان دینی کۆمەڵایەتی و... تووشی مەترسیی گیانی بێ بۆی هەیە کە داوا لەنەتەوە یەکگرتووەکان بکا بۆ یارمەتیدانی تا نیشتەجێبوونی لە وڵاتێکی ئەمن کە وەک پەنابەرنیشتەجێ بێ.

مرۆڤەکان زۆرجار بەهۆی قەیرانی جۆراوجۆر وەک: شەڕ، نەخۆشی، کێشەی ئاڵوگۆڕی هەواو... ناچار بوون کەشوێنی ژیانیان بگۆڕن و لە ئەنجامدا شەپۆلی کۆچ ساز بووە. کەم نین ئەوکەسانەی وەک کۆچبەر کە خولیای تاراوگەنشینییان هەیە و ئاواتەخوازی وڵاتێکی دیکەن بۆ نیشتەجێبوون بەڵام ئاخۆ بە چبەهایەک؟ زۆر بارودۆخ هەیە کە تا مرۆڤ بەرەوڕووی نەبێتەوە و خۆی تێکەڵی نەبێ نازانێ چۆنە و ئامۆژگاریی هاوڕێیانیشی بەپێچەوانە لێک دەداتەوە! مرۆڤی کۆچبەر ئامادەیە بە هەر نرخێک دەربازی وڵاتێکی دیکە بێ کە وەک بەهەشت سەیری دەکا. بۆیە لەسەر بنەمای ئەو بڕیارەی داوێتی ئیدی دابەزین لە ئاستی کەسێتی نەتەوەیی دەست پێدەکا و لە ڕەوگەی ڕۆیشتن تا دەگاتە وڵاتی مەبەست، ئەوەی هەیەتی وەک پێناسە و ناسنامە لە دەستی دەدا و دواجار لە پرۆسەیەکی یوونیفۆرمیزاسیۆندا دەبێتە بەشێک لە کەلتوور و دابونەریتی وڵاتی مەبەست و بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە دڵەڕاوکێیەکی نەتەوەیی هەبێ و تەنیا ئامانجی لە بازنەیەکی بچووکی ئابووری و خۆشگوزەرانیدا خولاسە دەبێتەوە!

بەڵام ئەوکەسانەی وەک پەنابەر بەهۆی کێشە و لەمەترسیکەوتنی گیانیان لەرووی ناعیلاجی وڵات جێ دێڵن و دەکەونە تاراوگەوە،کاتێ گێژاوی تاراوگە هەڵیاندەسووڕێنێ لە هەرسووچێکەوە هەڵپەسێراویی خۆیان وەبەرچاو دێ و لەڕاستیدا دڵەڕاوکێی خاک و خەڵکیان هەیە و عەودالی ناسنامەی خۆیانن کە بەرەبەرە لە دەستی دەدەن و دەبنە بەشێک لە وڵاتی تازە، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی کۆچبەرەکان مل نادەن، خۆڕاگری دەکەن و تا دواهەناسە لەهەمبەر ناسنامەی نەتەوایەتی، خۆیان بە بەرپرس دەزانن. بێگومان یەکێک لە بەرچاوترین چینەکانی تاراوگە ڕووناکبیر و نووسەرانی ناسراوی کۆمەڵگەن کە بەداخەوە پاش هەوڵێکی زۆر و خزمەتێکی بەرچاو لەنێوخۆ،سەرەڕای پشتتێکردن لەسەرجەم خۆشییەکانی ژیان و دواتر لەکیسدانی جێگەوپێگە لەنێو کۆمەڵگەی خۆیان،ڕێگەیەک جگە لە ئاوارەبوونیان بۆ نامێنێتەوە و لێرەدایە کە گەڕان بەدووی ناسنامەدا دەست پێدەکا و مرۆڤی پەنابەر لەسەر بنەمای باوەڕ،بەتەواوی مانا هەوڵ دەدا تا لەم گێژاوە بەشێوەیەک خۆی دەرباز بکا جاچ بەشێوەی مێدیایی چ بە شێوەی حزووری مەتنی تا تۆزقاڵێک سەر هەڵبێنێ و لانیکەم خۆی بدۆزێتەوە هەرچەند زۆریش دژوارە. مرۆڤی پەنابەر ڕیشەی لە خاکی خۆدا جێ هێشتوە و بۆیە بەردەوام خەون بە خاکی خۆیەوە دەبینێ تا ڕۆژێک لە دۆزەخی هەندەران ڕزگاری بێ!